# ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە ڕەواندز

## (١٩٣٣-١٩٧٠)دا

### لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە


**د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**



هەولنامەی کتێب



**هەولێر- ٢٠٢٠**

بڵاوکراوەکانی کۆڕی مێژووناسی
ژمارە (١)

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەری لە ڕەواندز (١٩٢٣-١٩٧٠)دا- لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە
ناوی نووسەر: د. هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ
دیزاینی بەرگ: م. نەهرۆ ئیسماعیل محەمەد
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
شوێن و ساڵی چاپ: هەولێر- ٢٠٢٠
ژمارەی سپاردن: ٢٧٤٢ ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

## (پێڕست)


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| دەروازە | ٥ |
| ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی ڕەواندز لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٥٨)دا. | ١٠ |
| ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە ڕەواندز لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦١)دا. | ٢٧ |
| ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە ڕەواندز لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٠)دا. | ٣٧ |
| ئەنجام | ٤٦ |
| پەراوێزەکان | ٤٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٦٠ |
| پاشکۆ | ٦٦ |

# پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕەواندزدا، گرنگییەکی زۆری بۆ مێژووی کورد هەیە. ئەم شارۆچکەیە، لەگەڵ ئەوەی سەردەمانێک، پایتەختی (میرنشینی سۆران) بووە، کە میرنشینێکی بەهێزی کوردی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، بزاوتێکی ڕۆشنبیرییشی تێدا دروست بووە، کە هەم بارە سیاسییەکەی، کاریگەری لەسەر دروستبوونیی هەبووە، هەم دەرکەوتنی هەندێ لە زانا و ڕۆشنبیر و کەسایەتییە ناسراوەکانی ناوچەکە، کە جێدەستیان بە گرنگیدان، بە ڕەوشی ڕۆشنبیریی شارۆچکەکەوە، دیار بووە. ئەمەش وایکردووە، کە شارۆچکەی ڕەواندز، بە بەراورد بە شارۆچکە و ئاوایییەکانی دەوروبەری، ببێتە خاوەن پێگەیەکی ڕۆشنبیریی جیاواز. تەنانەت ببێتە ناوەندێکی کارگێڕیی گرنگ. دیارە ئەگەر شارۆچکەیەک، جموجۆڵێکی لەم شێوەیەی، تێدا لە ئارا دابووبێت، ناکرێت هەروا بە فەرامۆشی بمێنێتەوە و کاری لەسەر نەکرێت، بەتایبەت لە چوارچێوەی ژمارەیەک توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمییدا، هەر ئەمەش هۆکارو پاڵنەری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بووە.

سەبارەت بە ماوەی توێژینەوەکە، بە ساڵی ١٩٢٣ دەست پێدەکات، لەو ساڵەدا، سەید تەهای نەهری کراوە بە قایمقامی ڕەواندز، سەید تەها، لەتەک ئەوەی گەلێک هەنگاوی گرنگی لە بواری کارگێڕییەوە نا، لە ڕووی ڕۆشنبیرییشەوە هەمان هەنگاوی نا، دوای ئەوەی ساڵانێک بوو، ڕەواندز لە خوێندن و قوتابخانە بێ بەش ببوو، قوتابخانە لەسەردەمی ئەودا، کرایەوە. هەر لەسەردەمی ئەودا، چاپخانە هاتە ڕەواندز و یەکەم گۆڤاریش، بە زمانی کوردی لەسەر ئاستی لیوای هەولێر، بەناوی (زاری کرمانجی) لەو شارۆچکەیەدا،

دەرچوو. ساڵی ١٩٧٠، کەوا بۆ کۆتایی ماوەی توێژینەوەکە داندراوە، ساڵی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادارە، لە نێوان کورد و حکومەتی ناوەندیی عێراق. ئەم ڕێککەوتننامەیە، گەلێ دەستکەوتی گرنگی لە بوارەکانی سیاسی و ڕۆشنبیریی بۆ کورد، دەستەبەرکرد. لە ڕەواندزیشدا، قۆناخێکی تازەی هێناپێشەوە، کە دەکرێت لەتەک قۆناغەکانی دواتریدا، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی تایبەتدا، کاری لەسەر بکرێت.

سەبارەت بە شوێنی توێژینەوەکە، زیاتر بایەخ بە بزاڤی ڕۆشنبیریی ناو شارۆچکەی ڕەواندز و هەندێ لە ناوچەکانی دەوروبەری دراوە. بەتایبەت ئەو ناوچانەی، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە، سەربە قەزای ڕەواندز بوون. بەڵام یەکەمجار، بەسەرکردنەوەی لایەنەکانی ڕۆشنبیریی شارۆچکەکە بە ئامانج گیراوە، پاشان سنووری قەزاکە بە گشتی. ئەم لایەنانەش زیاتر بوارەکانی پەروەردە و ڕۆژنامەگەریی و ئەدەب و نووسین و بواری هونەری بوون.

توێژینەوەکە، لە دەروازە و سێ تەوەر پێکهاتووە، لە دەوازەدا، بەخێرایی تیشک خراوەتە سەر لایەنی جوگرافی و مێژووی کارگێڕیی شارۆچکەکە. لەتەوەری یەکەمیشدا، لە ژێر ناوی: (ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی ڕەواندز لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣- ١٩٥٨دا)، وێڕای ئەوەی، پوختەیەکی مێژووی ڕۆشنبیریی ڕەواندز، بەر لە ماوەی توێژینەوەکە، لە چوار باسی جیاوازدا، شرۆڤە کراوە، هەرچوار بواری پەروەردەیی و ڕۆژنامەگەریی و ئەدەب و هونەر، لەو ماوەیەدا، خراونەتە ڕوو. لە تەوەری دووەمیشدا، لە ژێر ناوی: (ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی ڕەواندز لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٦١دا)، باس لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی ڕەواندز، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز و کاریگەری شۆڕشەکە، بەسەر لایەنەکانی ڕۆشنبیریی ڕەواندزدا کراوە، کە جۆرێک لە بووژانەوەی بە

هەواڵنامەی کتێب

بوارەکانی ڕۆشنبیریی شارۆچکەکە بەخشی. لە تەوەری سێیەمیشدا، بە ناونیشانی: (ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی ڕەواندز ١٩٦١-١٩٧٠)، بوارەکانی ڕۆشنبیریی ڕەواندز، لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، خراونەتە ڕوو، کە لەم ماوەیەدا بزاڤەکە، بەهۆی کاریگەریی شەڕ و سەختی بارودۆخی سیاسی لە کوردستاندا، ڕووی لە کزی کرد. ئەم دۆخەش، تاکوو ڕێککەوتننامەی (یازدەی ئاداری ساڵی١٩٧٠)، درێژەی هەبوو.

سەرچاوەکانی، کەوا بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون، جۆراوجۆرن. یەکێک لەوانە، ئامارەکانی وەزارەتی (مەعاریف-پەروەردە)ی عێراقە، کەوا بۆ لایەنی پەروەردەیی، سوودیان لێ وەرگیراوە. ئەم ئامارانە، کە هەموو ساڵێک بە بەردەوامی بڵاودەکرانەوە، زانیاری وردیان سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردەیی لە عێراقدا، لەخۆگرتووە. بەتایبەت خستنە ڕووی ژمارەی قوتابخانە و مامۆستایان و قوتابیانی سەرجەم قۆناخەکانی خوێندن لە عێراقدا. هەروەها پرۆگرامەکانی خوێندن و تەنانەت ڕێژەی دەرچووان و دواکەوتووانیشیان لە هەر ساڵێکدا، تێدا تۆمارکراوە. ئەگەرچی تاکوو سەرەتای ساڵانی شەستەکانیش، زانیارییەکانی بە پێی لیواکانی عێراق خستۆتە ڕوو، بەڵام لە ساڵی خوێندنی (١٩٦١-١٩٦٢) بەدواوە، زانیاری دەربارەی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی، بەپێی قەزاکانیش، بڵاوکردۆتەوە.

ئەو کتێبانەی، بوونەتە سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە، گرنگترینیان کتێبی (ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ١٩١٨-١٩٣٩)ی ئەحمەد حەمەدئەمین هۆمەرە، ئەم کتێبە، کە لەبنەڕەتدا، نامەی ماستەرە، زانیارییەکی زۆری بۆ دەروازەی ئەم توێژینەوەیە دابین کردووە. هەوڵێکی زانستی و ئەکادیمییانەیە، سەبارەت بە مێژووی سیاسی ڕەواندز لەم ماوەیەدا. بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بڵێین، کە نووسەر، سوودی لە سەرچاوەی ڕەسەنی وەک

کتێبەکانی (دووساڵ لە کوردستان)ی کاپتن های و (ڕێگایەک بە کوردستاندا)ی هاملتۆن، وەرگرتووە. هەر ئەم دوو کتێبە، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، بوونەتە سەرچاوەی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم توێژینەوەیە. هەروەها، سوود لەچەند سەرچاوەیەکی دیکەی تایبەت بە ڕەواندز وەرگیراوە، وەک هەردوو کتێبەکەی مەمدوح مزووری بە ناوەکانی (مێژووی ڕەواندز) و (بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندز). هەروەها کتێبی (ڕەواندز شارەکەی پاشای گەورە)ی هەردوو نووسەر مەولوود بێخاڵی و تاریق جامباز، کە وێڕای بچووکی قەبارەکەی، بەڵام زۆر زانیاری بەسوودی دەربارەی سەرجەم لایەنەکانی ڕەواندز گرتۆتە خۆی. هەروەها کتێبی (هونەر لە ڕواندزێ)ی زرار محەمەد مستەفا، ئەم کتێبە، لەتەک ئەوەی پوختەیەکی مێژووی ڕەواندزی تێدا باسکراوە، لە هەمان کاتدا، زۆر زانیاری گرنگی دەربارەی ڕەوشی هونەریی ڕەواندز، هەر لەسەرەتاوە، گرتۆتە خۆی. گرنگی ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەرەکەی، هونەرمەندێکی ناسراوی ڕەواندزە و ڕۆلێکی دیاری لە جموجۆڵی هونەریی و ڕۆشنبیریی ئەو شارۆچکەیەدا گێڕاوە.

لەتەک ئەم کتێبانەدا، سوود لە هەردوو گۆڤاری (زاری کرمانجی) و (هەتاو)یش، وەرگیراوە. ئەمە وێڕای، سێ دیداری تایبەت لەگەڵ هەریەک لە (زرار محەمەد مستەفا و سامی عەبدولقادر و شوکریە محەمەد ڕەواندزی)، کە هەر یەک لەوانە، لە بوارەکەی خۆیدا، ڕۆلی دیاری گێڕاوە و هەروەها ئاگادارییان لە بارودۆخی ڕۆشنبیریی شارۆچکەکەدا هەبووە. بەمەش بوونەتە سەرچاوەیەکی بە کەڵکی دیکە، بۆ ئەم توێژینەوەیە.

# دەروازە

ڕەواندز[١]، یەکێکە لە شارۆچکە دیار و ناسراوەکانی کوردستانی عێراق. بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی، لە سنووری پارێزگای هەولێر دایە و بە دووری (١٢٠کم) کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر (مزوری، ٢٠٠٦، ب. ل١٥). لەسەر بازنەی پانی (٣٧) و هێڵی درێژی (٤٤) دایە و بەرزییەکەی (١٠٠٥) مەتر، لە ئاستی ڕووی دەریاوەیە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل١٠؛ هۆمەر، ٢٠٠٦، ل١١). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شارۆچکەیە، شوێنە سەختەکەیەتی، کە لە ناوەڕاستی ناوچەیەکی سەخت دایە و لە هەر چوار لایەوە، بە زنجیرە چیا دەورە دراوە. خودی شارۆچکەکەش، کەوتۆتە نێوان دوو دۆڵی گەورە و قووڵ، کە بە ڕاست و چەپییدا، درێژ دەبنەوە. بە پێی سەرچاوەکان، لەسەرەتادا، شوێنەکەی لە گوندی (کاولۆکان)ی نزیکی بووە، پاشان، دوای هاتنی سوپای ڕووس بۆ ناوچەکە، لە ساڵی ١٩١٦دا، شارۆچکەکە، گواستراوەتەوە بۆ شوێنی ئێستاکەی (هۆمەر، ٢٠٠٦، ل٦).

لە ڕووی کارگێڕییەوە، لە دەم و ساتی میرنشینی سۆراندا، ڕەواندز پایتەختی میرنشینەکە بووە[٢]. سنووری ئەم میرنشینە، لە سەردەمی میر محەمەد پاشا (١٧٨٣-١٨٣٦)دا، زۆر فراوان بووە، زۆربەی ناوچەکانی بادینانی ئێستا لە باکوور و هەولێر و کۆیە و تاسەر زێی بچووک لە باشوورییدا، لە ژێر دەستدابووە. بەڵام دواتر، لەساڵی ١٨٣٦ دا، لەلایەن عوسمانییەکانەوە، کۆتایی بە میرنشینەکە هێندراوە(حوزنی، ٢٠٠٧، ل٢٦-٥٩؛ مزوری، ٢٠٠٦، ب. ل٢١٧-١٥٤). پاشان ڕەواندز، لە شێوەی (موتەسەریفییەت)ێکدا، کاروبارەکانی بەڕێوە براوە، دواتر بۆ یەکەی کارگێڕی قایمقامییەت بچووک

کراوەتەوە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٢٣). لە ساڵی ١٨٧٩ دا، کاتێک ویلایەتی(موسڵ) دروست کرا، ڕەواندزیش کەوتە ناو سنووری ئەو ویلایەتەوە. بەپێی سەرچاوەیەک، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، قەزای ڕەواندز، لە سێ ناحیە پێکهاتبوو، ئەوانیش ناحیەکانی (دێرە) و (باڵەک) و (برادۆست) بوون، خاوەنی (٢٨٣) گوند بووە و ژمارەی دانیشتوانیشی (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس بووە (دەباغ، ٢٠٠٤، ل٨٢). لە ساڵانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨)، سوپای ڕووسیا، کە لەناو هاوپەیمانێتی بەریتانیا و فەرەنسادا بوو، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان و لە ساڵی ١٩١٦ دا، دەستیان بەسەر شارۆچکەی ڕەواندزدا گرت و تا ساڵی ١٩١٧ تێیدا مانەوە و بەتەواوی وێرانیان کردووە (هۆمەر، ٢٠٠٦، ل٢٩-٣٣). ساڵی ١٩١٨، شارۆچکەکە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، دەستی بەسەردا گیرا و ساڵی ١٩١٩ کرایە قەزایەک سەربە لیوای تازە دامەزراوی هەولێر (هەی، ٢٠١٠، ل١٧٧-١٨٦). ئینگلیزەکان هەوڵیاندا، باری کارگێڕیی ڕەواندز ڕێکبخەن. بۆ ئەم مەبەستە، (مێجەر نوئێل)[٣] یان کردە یاریدەدەری حاکمی سیاسی، لە شارۆچکەکەدا. دواتر، (کاپتن کرک) هاتە شوێنی. ئەو کاتە، ڕەواندز بەهۆی سەرکێشیی هەندێ لە هۆزەکانی ناوچەکە، دووچاری بارێکی ناهەموار بۆتەوە. بەمەش ئینگلیزەکان لە هەمان ساڵدا، واتە ساڵی ١٩١٩، ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردنیان بە سەرۆکایەتی (نەورۆزەفەندی)[٤] لە ڕەواندزدا دامەزراندووە و خۆشیان تێیدا کشاونەتەوە. دواتر، بە فەرمانی (کاپتن های)[٥]، حاکمی سیاسی هەولێر، (ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی)[٦]، کراوەتە حاکمی ڕەواندز (هەی، ٢٠١٠، ل٢١٨-٢١٩). بەڵام بارودۆخی ناوچەکە، تا ساڵی ١٩٢٣، وەک خۆی بە پشێوی و ئاڵۆزی ماوەتەوە. لەم ساڵەدا، جارێکی دیکە ئینگلیزەکان پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا بەهێز کردۆتەوە و (سەید تەهای نەهری)[٧] یان کردۆتە قایمقامی ڕەواندز. کە کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە بوو. سەید تەها، تاکوو ساڵی ١٩٢٨

هەواڵنامەی کتێب

بە قایمقام ماوەتەوە، لەو ساڵەدا، دەستی لەکارکێشاوەتەوە. دوای سەید تەها، کەریم بەگی ئەحمەدە فەندی[٨]، بۆتە قایمقامی ڕەواندز، کە تاکوو ساڵی ١٩٣٠، بە قایمقام ماوەتەوە. دوای ئەو، (ڕەزابەگ) بۆتە قایمقام، ئەویش تاکوو ساڵی ١٩٣٤، بەردەوام بووە. پاشان، (ناجی بەگ) و دوای ئەویش (موراد بەگ) بوونەتە قایمقام. وەک (حوسێن حوزنی موکریانی)[٩] ئاماژەی پێدەکات: **موراد بەگ، هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی هەرێمی ڕەواندزی داوە** (حوزنی، ٢٠٠٧، ل٨١). بەم شێوەیە، تاکوو (ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی١٩٧٠)، (٢٩) بیست و نۆ کەس، بوونەتە قایمقامی ڕەواندز (احمد باس، ١٩٩٨، ل٣١). یەکێک لەو قایمقامانە، کە دڵسۆزانە بۆ ڕەواندز کاری کردووە، (فەوزی جەمیل سائیب)[١٠] بووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦-١٩٥٨)دا، قایمقام بووە. لەو ماوەیەدا، گەلێ پرۆژەی خزمەتگوزاری، لە بوارەکانی ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ و کردنەوەی قوتابخانەی لە شارۆچکەکەدا، بە ئەنجام گەیاندووە (مستەفا، ٢٠١٢، ل٤٨؛ مەجروم، ٢٠١١، ل٣٨-٣٩).

بەپێی ئاماری دانیشتوانی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٧ دا، قەزای ڕەواندز، ناحیەکانی (باڵەک) و (دێرەحەریر) و (برادۆست)ی لەخۆ گرتبوو. تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزا و ناحییەکانیشی، بەم شێوەی خوارەوە بووە (المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، ١٩٥٤، ص٢١٢-٢١٤):

| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| قەزای ڕەواندز | ١٨١٥٥ |
| ناحیەی باڵەک | ٩٧٤٩ |
| ناحیەی دێرە حەریر | ٩٠٤١ |
| ناحیەی برادۆست (مێرگەسۆر) | ٤١٥٨ |
| کۆی گشتی | ٤١١٠٣ |

هەواڵنامەی کتێب

بەمەش دەردەکەوێت، کەوا ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕەواندز، بە بەراورد بە سەردەمی عوسمانییەکان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ناحییەکانیشی وەک خۆی ماونەتەوە، تەنها ئەوە نەبێت، کە بە پێی ئامارەکە، ناحیەی برادۆست بە (مێرگەسۆر)یش، ناوی هاتووە.

بەپێی ڕێبەری تۆماری دانیشتوان ساڵی ١٩٥٧، (الدليل العام لتسجيل النفوس العام لسنة ١٩٥٧)دا، شارۆچکەی شەقڵاوە، کراوەتە قەزایەک سەر بە لیوای هەولێر. ناحیەی (دێرە حەریر)یش، لە ڕەواندز جیاکراوەتەوە و خراوەتە سەر ئەم قەزا تازەیە. بەم شێوەیە، قەزای ڕەواندز، تەنها ناحیەکانی (باڵەک) و (برادۆست)ی بۆ ماوەتەوە. ژمارەی دانیشتوانیشی بەم شێوەیە بووە (الحكومة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، ١٩٥٧، ص٩٩-١٠٣):

| یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان | |
|---|---|---|
| | ساڵی ١٩٥٦ | پێشبینیکراو ساڵی ١٩٥٧ |
| قەزای ڕەواندز | ٢٥٣٧١ | ٢٥٥٣١ |
| ناحیەی باڵەک | ٤٠٩٢ | ٤١٢٥ |
| ناحیەی برادۆست | ٣٥٨٢ | ٣٥٩٦ |
| کۆی گشتی | ٣٣٠٤٥ | ٣٣٢٥٢ |

هەواڵنامەی کتێب

هەر بەپێی ئەم سەرچاوەیە، (مێرگەسۆر)، کراوەتە ناحیە و خراوەتە سەر قەزای زێبار. بەڵام، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دا، ناحیەی (مێرگەسۆر) خراوەتەوە سەر قەزای ڕەواندز و ناحیەی (حەریر)یش، کە سەر بە قەزای (شەقڵاوە) بوو، خراوەتە سەر قەزای ڕەواندز. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩ دا، جارێکی دیکە، ناحیەی (مێرگەسۆر) خراوەتەوە سەر قەزای (زێبار) و ناحیەی (حەریر)یش خراوەتەوە سەر قەزای (شەقڵاوە). ساڵی ١٩٦٥، لە دەموساتی شۆڕشی ئەیلوولدا (کە ناوچەی ڕەواندز، لە نێو جەرگەی شۆڕشەکە دابوو)، ناحیەی (حەریر)، خراوەتەوە سەر

قەزای ڕەواندز. بەمەش هەر سێ ناحیەی (باڵەک) و (برادۆست) و (حەریر)، بوونەتەوە بەشێک لە قەزاکە. تا ساڵی ۱۹۷۰، بەم شێوەیە ماوەتەوە. لە دوای ڕێککەوتننامەی (۱۱ی ئاداری ساڵی ۱۹۷۰)، (چۆمان)یش کراوەتە قەزایەک، سەربە پارێزگای هەولێر و یەک ناحیەی لە خۆگرتووە، ئەویش ناحیەی (باڵەک) بووە، کە لە پێشدا سەر بە قەزای ڕەواندز بووە. شارەدێی (گەلاڵە)ش ناوەندی ناحیەکە بووە (محەمەد، ۲۰۰۹، ل۱۲٤-۱۳۰). بەمەش دەردەکەوێت، کە بە درێژایی ماوەی ئەم توێژینەوەیە، ڕەواندز، قەزایەک بووە سەر بە (لیوا/ پارێزگای هەولێر) و چەند جارێک، گۆڕانکاری بەسەر سنووره کارگێڕییەکەیدا هاتووە.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی ڕەواندز لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٥٨)دا:

ڕەواندز، بەهۆی ئەو پێگە گرنگەی، بەتایبەت کە لە سەردەمی میرنشینی سۆراندا هەیبوو، کە پایتەختی میرنشینەکە بوو، لەتەک ئەوەی ببووە ناوەندێکی کارگێڕی گرنگ، لە تەک ئەوەشدا، ناوەندێکی ڕۆشنبیریی گرنگیش بوو. قوتابخانەی زانستی و حوجرەی خوێندنی ئایینی دیاری تێدا بووە. ئەمە وێڕای، هەڵکەوتنی گەلێک زانا و ڕۆشنبیری ناسراوی ناوچەکە، کە ناوبانگیان تەنها لە ناوچەی ڕەواندزدا نەماوەتەوە، بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستاندا، ناسراو بوون. نموونەی ئەو زانایانەش وەک: ئیبن ئادەمی باڵەکی[١١] و مەلا محەمەدی خەتێ[١٢]. هەندێ بنەماڵەش، لە ڕەواندز و دەوروبەرییدا هەبوون، کە زانای ناسراویان تێدا هەڵکەوتووە و لەو سەردەمانەدا، ببوونە هۆکاری زیاتر بەرەوپێشچوونی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی ناوچەکە و کوردستان بە گشتی. هەر یەک لە بنەماڵەکانی: (شێخ وەتمانی، حاجی عومەر ئەفەندی خەیلانی، بنەماڵەی پیری ماویلیان و پیری کۆسەی سەران)، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو بنەماڵانە بوون. مزگەوتەکانی ناو ڕەواندز، وەک: (کاولۆکان و مەلا ئەسعەدی خەیلانی و مزگەوتی گەورەی گەڕەکی قەڵا)، نموونەی ئەو مزگەوتانە بوون، کە قوتابخانەی زانستییان تێدابووە و ببوونە پێگەی گرنگی زانست و زانیاری، لە ناوچەکەدا. جگە لە قورئان و فەرموودە، زانستەکانی وەک: (کەلام، مەنتیق، فەلەک، ئەندازیاری، نەحو، سەرف و بەلاغە)یان تێدا خوێندراوە. تەنانەت زانایەکی وەک (ئیبن ئادەم)، داندراوی تایبەتی، لەسەر زۆربەی ئەو زانستانەدا، هەبووە (مزوری، ١٩٩٨، أ. ل١٦، ٤٧، ٧٠-٧٥، ٩١، ١١٩، ١٧٥ جامباز، ٢٠٠٩، ل٣٧-٤٠).

یەکێک لە لایەنەکانی دیکەی سیمای ڕۆشنبیریی شارۆچکەی ڕەواندز، کە هەر لە سەردەمی میر محەمەد پاشاوە، بایەخی پێدراوە، بوونی چەند کتێبخانەیەک بووە، لە شارۆچکەکەدا. وەک (کتێبخانەی

پاشای گەورە) لە (گەڕەکی سەرای)، کە لەکاتی فەرمانڕەوایی میر محەمەد پاشادا، دروستکراوە و ژمارەیەکی زۆر کتێبی دانسقەی بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی تێدابووە. هەروەها، کتێبخانەیەکی دیکەش بەناوی (پاشا) هەبووە، لەلایەن (عەبدوڵڵا پاشا) ناوێکەوە دروستکراوە و نزیکەی (٣٠٠) کتێبی جۆرا و جۆری تێدا بووە (برایم، ٢٠١٣، ماڵپەری زاگرۆس تیڤی). ئەمە وێڕای، کتێبخانەی تایبەتی مامۆستایانی ئایینی و کتێبخانەی حوجرە و مزگەوتەکان، وەک کتێبخانەکەی (مەلا محەمەدی خەتێ)، کەوا گەلێک دەستنووسی بە نرخی تێدا بووە. دوای خۆی، لەلایەن مەلا عومەر خەیلانی و پاشان مەلا ئەسعەد خەیلانی (١٨٥٠–١٩٢٩) کوڕییەوە، سەرپەرشتی کراوە. تاکوو لە ساڵانی نێوان (١٩١٦–١٩١٧)دا، لە ئەنجامی لەشکرکێشی ڕووس بۆسەر ناوچەکە، کتێبخانەکە و کتێبەکانی ناوی سووتاون (مزوری، ١٩٩٨، أ. ل١٧).

لەگەڵ ئەوانەدا، ڕەواندز، پایتەختی میرنشینێکی فروان و بەهێزبووە، هەربۆیە، ئەگەر سەیری ناوچەکە بکەین، ئەم سیما ڕۆشنبیرییەی کە لە شارۆچکەکەدا هەبووە، لە ناوچەکەدا بێ وێنە بووە. ئەمەش زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکردووە، کە ڕەواندز، بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواترییدا، ببێتە نموونەی ناوەندێکی ڕۆشنبیریی و هونەریی دیار. بە تایبەت لە دوای ئەوەی سەید تەهای نەهری، لە ساڵی ١٩٢٣دا، بوتە قایمقامی ڕەواندز، لایەنەکانی ڕۆشنبیریی، بەتایبەت لە ڕووی پەروەردەیی و ڕۆژنامەگەریی و هونەریی و ئەدەبییەوە، بایەخی زیاتریان پێدراوە، وەک لە خوارەوە، لە خوارەوە لێیان دەدوێین:

## بواری پەروەردەیی:

سەبارەت بە بواری پەروەردە و خوێندنی فەرمی، وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێدەکات، کەوا لە ساڵی ١٨٧٣ دا، بە بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی، هەندێ مەکتەب لە ناوچەکانی کوردستاندا،

هەواڵنامەی کتێب

کراونەتەوە، یەکێک لەوانە، لە شارۆچکەی ڕەواندزدا بووە. ژمارەی قوتابیانی (٣٠) قوتابی بووە. هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، لە ساڵی ١٩١١ دا، واتە (٣٨) ساڵ، دوای کردنەوەی یەکەم قوتابخانە، لە شارۆچکەکەدا، (٣) قوتابخانە، لە ڕەواندزدا هەبووە، دوو قوتابخانەی منداڵان (واتە قۆناغی سەرەتایی) و قوتابخانەیەکی ڕوشدییە (بۆ پێگەیشتووان) (کاکەسوور، ٢٠٠٤، ل١٢-١٩). بەڵام لە دەموساتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەم قوتابخانانەش، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی وێرانکاری و نەماون.

ساڵی ١٩٢٦، لەوکاتەی سەید تەهای نەهری، قایمقامی ڕەواندز بووە، قوتابخانەیەکی تازە لە شارۆچکەکەدا، کراوەتەوە (گۆڤاری زاری کرمانجی، ژ:٤، ل١٣). ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە ساڵانێک بوو، شارۆچکەکە، لە قوتابخانە و خوێندنی سەردەمیانە، بێبەش ببوو. ئەم قوتابخانە، لە سەرەتادا، شوێنەکەی، لەناو خانووی خەڵکییدا بووە، پاشان لە ساڵی ١٩٣٢دا، بۆ یەکەمجار بینایەی کۆنکرێتی بۆ دروستکراوە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٩٤-٩٥). لە سەرەتادا، ژمارەی قوتابییانی زۆر نەبووە، ئەمەش بۆ کەمی ئاستی هۆشیاری و سەختی ڕەوشی خوێندن، لەو سەردەمانەدا، دەگەڕێتەوە. گرنگترین وانەکانی کە لەم قوتابخانەیەدا خوێندراون، ئەمانە بوون: (حیساب، قورئان، دین، ئەشیاو سەحە، ڕەسم و ڕیازەی بەدەنی، عەرەبی، تاریخ و جوغرافیا). لەتەک وانە زانستییەکاندا، بایەخ بە وانە هونەرییەکانی وەک خۆشنووسی دراوە، لەم بارەیەوە وانەیەکی هونەرییان هەبووە، بەناوی (خەتی عەرەبی) (دایکی ئامێز، ٢٠١٤، ل٣٨). لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی چالاکییە هونەرییەکانی شارۆچکەکە، وەک نمایشکردنی شانۆ و چالاکی شێوەکاری، هەر لەو قوتابخانەیەدا، ئەنجام دراون. هەروەها، زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی کەوا سەردانی ڕەواندزیان کردووە، سەریان لەم قوتابخانەیە، وەک پێگەیەکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی داوە (مستەفا، ٢٠١٣، ل٢٨-٣٤).

هەر لە ڕەواندزدا، لە نێوان ساڵانی (١٩٣٤-١٩٣٥) دا، بۆ یەکەمجار، قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ کچان، کراوەتەوە. بینایەی قوتابخانەکە، لە قوڕوبەرد، دروستکرابوو. (٥) پێنج ژووری هەبووە، (٣) سێ ژوور بۆ قوتابیان و (٢) دوو ژووریش بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستایان. تاکوو پۆلی شەشەمی سەرەتایی لێ خوێندراوە. ژمارەی قوتابیانی لە نێوان (٨) تا (١٠) قوتابی، بووە. تەنانەت لە قۆناغەکانی کۆتاییدا، تەنها یەک دوو قوتابی کچ ماونەتەوە. جگە لە مامۆستایانی کورد، چەند مامۆستایەکی عەرەبیش لە قوتابخانەکەدا، دەرسیان داوەتەوە. تەنانەت بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش، هەر لە نەتەوەی عەرەب و خەڵکی موسڵ بووە (دایکی ئامێز، ٢٠١٤، ل٣٥). سەبارەت بە زمانی خوێندن، لەوسەردەمەدا، بە کوردی نەبووە، کتێبێک هەبووە کەوا قوتابییانی فێری ڕێنووس و خوێندنەوە کردووە، ناوی (قیرائەی خەلدوونی) بووە و بە زمانی عەرەبی بووە. کە زۆر جار لەلایەن مامۆستاکانەوە، کراوەتە کوردی. لە زۆر کاتیشدا، لە قوتابخانەیەکدا، تەنها یەک دانە لەم کتێبە هەبووە، کەوا لای مامۆستای بابەت بووە. هەندێجار، مامۆستا چەند دانەیەکی لەم کتێبەی لە شاری هەولێردا کڕیوە و بە پارە فرۆشتوویەتییەوە قوتابیان (ئاسۆی پەروەردەیی، ٢٠٠١، ل٣٦-٣٨). خوێندن بە زمانی عەرەبی و نەبوونی وانەی کوردی، گرفتی زۆری بۆ قوتابیان، لە ڕووی تێگەیشتنەوە دروست کردبوو. هەربۆیە لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦)دا، قوتابیانی ڕەواندز، مانیان لە دژی خوێندن بە زمانی عەرەبی گرتووە. حکوومەت (وەزارەتی مەعاریف)، بەناچاری لە دوای ئەو ساڵەوە، وانەی کوردییشی خستۆتە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە (دایکی ئامێز، ٢٠١٤، ل٤٠). هەرچەند دوا بە دوای ساڵی خوێندنی (١٩٤١-١٩٤٢)، بەربەست لە بەردەم خوێندنی کوردییدا، دروست کراوە (نەجار، ٢٠١٦، ل٢٢)، بەڵام لە ڕەواندز، لە چلەکاندا، لە پۆلی یەک، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندن بە زمانی کوردی بووە و تەنانەت وانەی تایبەت بە زمانی کوردی خوێندراوە (خەیلانی، ٢٠١٤، ل١٦-١٧). لە

نێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤١)دا، قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندی (کاولۆکان)ی نزیک ڕەواندزیش کراوەتەوە و تیایدا دەست بە خوێندن کراوە (ئاسۆی پەروەردەیی، ٢٠٠١، ل٣٨).

سەبارەت بە خوێندنی قۆناغی ناوەندی، لە ساڵی ١٩٤٧ دا، چەند مامۆستا و کەسایەتییێکی ناسراوی ڕەواندز، هەوڵیانداوە چاویان بە وەزیری مەعاریفی عێراقی بکەوێت، سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنی ناوەندی لە ڕەواندزدا، بەڵام هەوڵەکەیان بێ سوود بووە (مەجروم، ٢٠١١، ل٣٢-٣٣). بەڵام داواکارییەکان، سەبارەت بە کردنەوەی قۆناغی ناوەندی بەردەوام بووە، تاکوو بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٤٩-١٩٥٠)، (قوتابخانەی ناوەندیی ڕەواندز) کراوەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوکاتە، گەلێک گرفتی قوتابیانی ناوچەکەی، بەتایبەتی قوتابیانی دەرچووی قۆناغی شەشەمی سەرەتایی چارەسەرکردووە (خەیلانی، ٢٠١٤، ل٢٢-٢٣؛ مستەفا، ٢٠١٣، ل٤٧). بەپێی ئاماری ساڵانەی وەزارەتی مەعاریفی عێراق، ئەم قوتابخانەیە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٥٠-١٩٥١)، ژمارەی قوتابییانی(٣٥) قوتابی بووە (العراق، وزارة المعارف، ١٩٥٢، ص٤٤-٤٧). بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٥٥-١٩٥٦)یش، ژمارەی قوتابیانی (١٢٢) قوتابی بووە و (٥) مامۆستاشی هەبووە. ژمارەی قوتابیانی بەشی کچانی ئەو ناوەندییەش جیاکراوەتەوە. ئەو ساڵە ژمارەیان (٨) قوتابی بووە (الحكومة العراقية، وزارة المعارف، ١٩٥٧، ص٤٩-٥٢). لەگەڵ ئەمەشدا، لە ساڵی ١٩٥٧، لەوکاتەی کە (فەوزی جەمیل سائیب) قایمقامی ڕەواندز بووە، قوتابخانەیەکی دیکە، لە شارۆچکەکەدا، دروستکراوە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٩٤).

## بواری ڕۆژنامەگەریی:

هەر لە چارەگی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە، خولیا و ئارەزووی خوێندنەوەی ڕۆژنامە، لەناو شارۆچکەی ڕەواندزدا هەبووە. ڕۆژنامەی (الزوراء)[١٣]، لە ژمارە(٧٦٣)ی ساڵی ١٨٧٧ یدا، ئاماژەی بەوە کردووە،

کەوا ئارەزوومەندانی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە لەڕەواندزدا، ژمارەیان (١١) یازدە کەس بووە، پاش ساڵێک، ژمارەکە بۆ (٢٩) بیست و نۆ کەس، بەرز بۆتەوە (هۆمەر، ٢٠٠٦، ل١٩).

سەبارەت بە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی ڕێپێدراو، لە شارۆچکەکەدا، ئەمە دەگەڕێتەوە، بۆ هەوڵی حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧)، کەوا لە ساڵی ١٩٢٤ دا هاتۆتە ڕەواندز و لەوێ، چاپخانەیەکی بەناوی (زاری کرمانجی) دامەزراندووە و لەلایەن ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکانی ڕەواندزەوە، بەتایبەت سەید تەهای نەهری، پاڵپشتی لێ کراوە و شوێنی چاپخانەکەی بۆ دابین کراوە. (حوزنی) توانیویەتی چەند کتێبێک لەو چاپخانەیەدا، بەچاپ بگەیەنێت، وەک: (مێرگەی دڵان، خونچەی بەهارستان، دێرێکی پێشکەوتن، ئاوڕێکی پاشەوە، مێژووی میرانی سۆران) و چەند کتێبێکی دیکە. هەربەم چاپخانەیە، لەساڵی ١٩٢٦ دا، یەکەم ژمارەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) دەرکردووە، کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و هونەری و ئەدەبیی مانگانە بووە. تا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوام بووە و (٣٢) ژمارەی لێ دەرچووە. (حوسێن حوزنی موکریانی) خۆی، سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤارەکەی کردووە. لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردییدا، شوێنێکی دیاری هەیە و ڕۆڵێکی دیاری لە گەشەپێدانی ڕەوشی ڕۆشنبیریی ناوچەکەدا گێڕاوە (مەلا حەسەن، ٢٠١١، ل٦-١٧).

هەر (حوسێن حوزنی موکریانی)، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٥دا، لە شاری هەولێردا، گۆڤاری (ڕووناکی) دەردەکات، ژمارە (٣) تاکوو (٦)ی گۆڤارەکە لە ڕەواندز دا چاپ دەکات، کە تا ئەوکاتە چاپخانەکە هەر لە ڕەواندز بووە (موکریانی، ٢٠٠١، ل٨). ئەگەرچی گۆڤارەکە، بەتەواوی لەلایەن (حوزنی) سەرپەرشتی کراوە، بەڵام کەسێک بە ناوی پارێزەر(شیت مستەفا)[١٤]، بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤارەکە بووە، چەند وتارێکیشی تێدا بڵاو کردۆتەوە. ئەم گۆڤارە، لەتەک بایەخدان بە بابەتی ڕۆشنبیری گشتی و ئەدەبی و مێژوویی، هەندێ هەواڵ و چالاکی ئەو

کاتانەی لیوای هەولێری بەشێوەیەکی گشتی واتە ناو شاری هەولێر و ڕەواندز و کۆیەشی بڵاوکردۆتەوە. لە ژمارە (٣)یدا هەواڵێکی دەربارەی چالاکییێکی (تەجنید)ی ڕەواندز بڵاوکردۆتەوە، کە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتییدا، بە ئامادەبوونی قایمقام و مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی ڕەواندز، چالاکییەکە ئەنجام دراوە[١٥]. بەم شێوەیە، (٤) چوار ژمارەی (ڕووناکی) لە ڕەواندزدا، لە چاپخانەی زاری کرمانجییدا، چاپکراون. دوا ژمارەی، کە ژمارە(٦)ی گۆڤارەکەیە، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (١٢ی شوباتی ساڵی ١٩٣٦)، لە ڕەواندزدا، چاپکراوە[١٦] (موکریانی، ٢٠٠١، ل٣-٣٠).

دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٣٩ دا، کۆمەڵێک لە نەتەوەپەروەرانی کورد (حزبی هیوا)[١٧]یان، دروست کردووە. ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و لاوان و قوتابیانی کورد، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، پەیوەندیان بەو پارتە سیاسییە کوردییەوە کردووە. لە ڕەواندزیشدا، بەهەمان شێوە، کۆمەڵێک لە خەڵکی ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەری شارۆچکەکە، پەیوەندیان بە پارتەکە کردووە و تاکوو ساڵی ١٩٤٣، لە چالاکی نواندن بەردەوام بوون. یەکێک لەو چالاکییانە، دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەستنووس بوو، بە ناوی (کوردستان)، کە هەریەک لە (نەجیب سەبری) و (عەلی مەکتەبە)[١٨] سەرپەرشتی دەرکردنی بڵاوکراوەکەیان، کردووە. وتار و بابەتەکانیان کۆکردۆتەوە و پاکنووسیان کردوون، بەنهێنی لە مزگەوتی (خانەقا)دا، بڵاویان کردۆتەوە. کاری نووسین و نەخشەکێشانی بڵاوکراوەکە، بەدەست ئەنجام دراوە. دروشمی سەر بەرگەکەی، وێنەی چیا و ڕۆژ بووە. کە گوزارشت بووە، لە ئاڵای کوردستان. بابەتەکانیشی زیاتر دەربارەی هۆشیاری نەتەوەیی و مێژووی کورد و شۆڕشەکانی کورد بوونە. ئەم بڵاوکراوە، (٤) تا (٥) ژمارەی لێدەرچووە و تاوەکوو ساڵی ١٩٤٤ بەردەوام بووە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٨٠-٨٢؛ باوکی هێلین، ١٩٩٨، ل٥٩-٦١). وێڕای ئەمە، ڕەواندزییەکان، لەدەرەوەی شارۆچکەکەشدا،

توانیویانە، ڕۆڵی خۆیان لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، بگێڕن. ئەمین ڕەواندزی[١٩]، ساڵی ١٩٤٨، یەکەم ڕۆژنامەی ئاشکرای لە شاری هەولێردا، بەناوی (هەتاو) دەرکردووە. ئەم ڕۆژنامە، تەنها یەک ژمارەی لە ڕێکەوتی (١١ی ئەیلوولی ساڵی١٩٤٨)دا، لێدەرچووە (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل٤٢٧).

یەکێک لەو ناوەندانەی، کە ڕۆڵێکی دیاری لە ڕەواندزدا لە بواری خوێندنەوە و ڕۆژنامەگەرییدا گێڕاوە، کتێبخانەی (پێشکەوتن) بووە. ئەم کتێبخانەیە، لە ساڵی ١٩٤٣دا، لەلایەن هەریەک لە (عەلی عەبدوڵلا) ناسراو بە (عەلی مەکتەبە) و (نەجیب سەبری)یەوە، دانراوە. سەرەتا ناوەکەی (سەرکەوتن)بووە، پاشان ناوەکەیان بۆ (پێشکەوتن) گۆڕیوە. ڕۆشنبیران و خەڵکانی دڵسۆزی ڕەواندز، بەپەرۆشەوە کەوتوونەتە، هاوکاریکردنی کتێبخانەکە و کتێبیان بۆ دابینکردووە. ئەم کتێبخانە، لەتەک ئەوەی شوێنی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە بووە، شوێنێکیش بووە بۆ کۆبوونەوە و دیداری ڕۆشنبیرانی ڕەواندز، گرنگترین ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بۆ ئەو کتێبخانەیە هاتوون، کوردییەکان ئەمانەبوون: (گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە و ژین). عەرەبییەکانیش: (ام درمان، فجر الجدید، المجلة، الممثل العلیا، الاهالی، السیاسة و التحرر) بوون (باوکی هێلین، ١٩٩٨، ل٥٩-٦١). هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەی وەک: ڕۆژنامەی هەولێر (١٩٥٠)[٢٠]، گۆڤاری هەتاو (١٩٥٤)[٢١] و گۆڤاری هیوا (١٩٥٧)[٢٢]، گەیشتوونەتە شارۆچکەکە. تەنانەت لە هەندێکیاندا، نووسەرو ڕۆشنبیرانی ڕەواندز، بابەتیشیان بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەت لە ڕۆژنامەی هەولێر (١٩٥٠-١٩٥٣)، وەک: ئەمین ڕەواندزی، وریا ئەمین ڕەواندزی[٢٣] و جەلال سەعید خەیلانی[٢٤] و هێوی ڕەواندزی. (زامدار، ١٩٨٨، ل٢١-٢٣، ٥٨، ٦٥، ٦٧، ٧٦).

## بواری ئەدەبی:

ڕەوانـــدز و ناوچـــەکانی دەوروبـــەری، خـــاوەن ئـــەدەبییاتێکی دەوڵەمەنـدی فۆلکلـۆرین، هـەر لـە پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق و مەتـەڵ و شـیعری میللییـەوە بگـرە، تـا دەگاتـە هەقایـەت و گێڕانـەوەی سـەربردە و داسـتانی فۆلکلـۆری. ڕەنگـدانەوەی شـێوەزاری ناوچـەی ڕەواندز، لەو دەقە فۆلکلۆرییانە، ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێ، کە ئەم دەقانە تایبەتن بە ناوچەی ڕەواندز[٢٥]. ئەمـەش یەکێکە لـە بنـەماکانی جموجۆڵی ئەدەبی لە ناوچەکەدا. بواری شیعرنووسین، هـەم لـە ڕووی فۆلکلـۆرەوە، هـەم دانـدراوی شـاعیران، لایـەنێکی دیـاری بـواری ئـەدەبی بـووە، لـە ڕەوانـدزدا. هـەر لەسـەردەمانی میرنشـینی سـۆرانەوە، تـا قۆناخـەکانی دواتـر، چەنـد شـاعیرێکی ناسـراو لـە ڕەوانـدزدا، دەرکـەوتوون. کـە توانیویانە، ڕۆل لـەو لایەنـە ئەدەبییـەدا، بگێڕن. نموونـەی ئەوانـەش وەک: زانای ناوداری ناوچەکە ئیبن ئادەم (١٧٥٠–١٨٣٦)، کـە لەتـەک بایەخدان بـە کـارە زانسـتییەکانی، شیعریشـی نووسـیوە (شـارەزا، ٢٠٠٩، ل٤٣٢٥). ئەم پارچە شیعرە، بڵاوترینیانە:

**هەوران کردە گوڵە گوڵ، میکائیلان ئەتۆش دەی**
**توتن ئامان بڕشێنە، دەبا نۆش بێتە سەر دەی**
**ڕۆمی ئەوا پەیدابوون، کوتوبخانان دەکەن تەی**
(موکریانی، ١٥٥،١٩٨٥)

یەکێکی دیکە لـەو شـاعیرانەی، لـە ئـەدەبییاتی ناوچـەی ڕەواندزدا، ناوێکی دیاری هەیـە، نەزهـەت(١٨٦٥–١٩٢٩)[٢٦]ی شـاعیر بووە. کە لـە مزگەوتـــەکانی ناوچـــەی ڕەوانـــدزدا، خوێندوویـــەتی. پاشـــان بـــۆ تـەواوکردنی خوێندنەکـەی، چۆتـە شـاری ئەسـتەنبۆڵ. لـە بنەماڵـەی پاشای گەورە بووە. نەزهەت، کە زیاتر بە شاعیری دڵداری ناسـرابوو، زیـاتر بـە زمـانی کـوردی شـیعری نووسـیوە. ئەگـەرچی لـەماوەی خوێندنیـدا، زمانـەکانی (فارسـی و تـورکی و عـەرەبی و فەرەنسـی)

فێربــووە. کەســێکی هۆشــیار و ڕۆشــنبیرێکی لێهــاتوو بــووە. لــە شیعرێکیدا دەڵێ:

**مەمکوژە چیدی بە هیجران ئەی جەفاکارم وەرە**
**تاب و تاقەت چوو لە قەلبم ئەی فیداکارم وەرە**

(شارەزا، ٢٠٠٩، ل٣٣٢٥)

شاعیرێکی دیکەی ناسراوی ڕەواندز، مستەفا مەزهەر (١٨٧٨-١٩٥٢) بووە. کە لە ڕەواندزدا لەدایک بووە. لە سەردەستی زانا ناودارەکانی ناوچەکە، قۆناخێکی باشی خوێندنی بڕیوە. مرۆڤێکی زاناو ڕۆشنبیرێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە. خوێندنەوە و نووسینی بەزمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی بەچاکی زانیوە، لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**چیاو کێوی کوردستانمان هەموو قەڵاو سەنگەرن**
**بەرامبەر بە دوژمنی کورد وەک سەدی ئەسکەندەرن**

(بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٦١-٦٤)

یەکێک لە سیماکانی بزاوتی ڕۆشنبیریی ڕەواندز، خوێندنەوە و هاوبەشیکردنی کڕینی کتێب و بەرهەمە ئەدەبییەکان بووە. لەگەڵ ئەوەی هەر لە بیستەکانەوە، چاپخانە هاتۆتە شارۆچکەکە و کەوتۆتە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب، لە دەرەوەی ڕەواندزیشدا، ئەم هاوبەشییەیان لەگەڵ ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی کردووە. یەکێک لەوانە، (نەشرییاتی کوردی و مەریوانی)[٢٧] بووە، کە زیاتر بایەخیان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی و دیوانی شاعیرانی کورد داوە. بەپێی تۆمارێکی دارایی ئەم نەشرییاتە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٨)دا، دەیان دانەی کتێبەکانیان لە ڕەواندزا فرۆشراوە (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل٢٥٩-٢٨٤). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بایەخدانی دانیشتوانی ڕەواندز، بە خوێندنەوەی کتێب و ئەدەبیاتی کوردی.

گۆڤاری (زاری کرمانجی)، لە ماوەی دەرچوونییدا (١٩٢٦-١٩٣٢)، ڕۆلێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی بوارەکانی ئەدەبی لە شارەکەدا گێڕاوە. هەر لە شیعر و چیرۆکەوە بگرە، تادەگاتە لایەنەکانی وەک وتار و پەخشان و بابەتی ڕەوانبێژی (مەلا حەسەن، ٢٠١١، ل٢٠، ٦١-٨٣). حوسێن حوزنی موکریانی، هەر خۆی نووسەر و ئەدیبێکی دیار بووە، خودی خۆی، دەیان بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتی، لە گۆڤارەکەدا بڵاو کردۆتەوە.

ڕۆشنبیری ناسراوی کورد، شاکر مەجرووميش[٢٨]، بەتایبەت لە نێوان سالانی (١٩٣٧-١٩٥٧)دا، ماڵەکەی خۆی لە ڕەواندزدا کردبووە، شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و شاعیرو ئەدەب دۆستان، کە بەردەوام باس و خواسی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییان کردووە و کۆڕی شیعری (بەتایبەت بە زمانەکانی کوردی و تورکی)یان گێڕاوە. ئەو شاعیر و ڕۆشنبیرانەی سەردانیان کردووە، وەک: عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچی ناسراو بە کانی (١٨٩١-١٩٥٧)ی شاعیر، مەلا مەحموودی بێخود (١٨٧٧-١٩٥٥)ی شاعیر، حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧)ی نووسەرو ڕۆژنامەنووس، مستەفا شەوقی (١٨٩٣-١٩٣٨)ی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ئەفسەر، محەمەد قودسی(١٩٢٢-١٩٤٧)ی ئەفسەرو ڕۆشنبیر، گیوی موکریانی (١٩٠٣-١٩٧٧)ی نووسەرو ڕۆژنامەنووس، عەبدوڵڵا عەزیز هەولێری (١٩٠٢-١٩٦٢)ی پەروەردەکار و ڕۆشنبیر(بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٧٢).

لەتەک ئەم شاعیرانەی ناومان بردن، چەند شاعیرێکی میللیش لە ڕەواندزدا، دەرکەوتوون، کە ئەوانیش بە شیعرە میللییەکانیان، بەشدارییان لە کۆڕی ئەدەبی شارۆچکەی ڕەواندزدا کردووە. ئەو شاعیرانەش وەک: مەلا عەبدوڵڵا ناسراو بە مەلا قوندیل (١٨٨٠-١٩٥٨) و مستەفا عەزیز ناسراو بە حاجیلە (١٩٠٩-١٩٧٢). کە زیاتر

لە بواری کۆمەڵایەتی و ئایینی شیعریان نووسیوە (چاوپێکەوتن: سامی ڕواندزی، ١٤-١٠-٢٠١٤[٢٩]؛ مستەفا، ٢٠١٣، ل٣٤).

## بواری هونەری:

بواری هونەری لە ڕەواندزدا، یەکێک لەو بوارانە بووە، کە ڕۆلی خۆی لە شارۆچکەکەدا گێڕاوە. بە تایبەت لە لایەنەکانی هونەریی شێوەکاری و شانۆ و مۆسیقا و گۆرانی، کە لە خوارەوە، تیشک دەخەینە سەریان:

## هونەری شێوەکاری:

لە ڕووی شێوەکارییەوە، ساڵی ١٩٢٥، دوای هاتنی (حوسێن حوزنی موکریانی) بۆ ڕەواندز، جگە لە بایەخدانی بە بواری ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنیی کوردی، بایەخێکی تایبەتی بەلایەنی نیگارکێشی و هێڵکاری و خۆشنووسی داوە. چونکە خۆی دەستی نیگارکێشی هەبووە و هێڵکاری و دیزاین و وێنەی دەستی ناو بەرهەمەکانی، هەر خۆی دروستی کردوون. کتێبی (خونچەی بەهارستان)، زیاتر لە (٢٠) بیست وێنە و هێڵکاریی دەستکردی خۆی، تێدایە. ئەمە وێڕای، بایەخدانی بە هونەری فۆتۆگراف، ساڵی ١٩٣٤ یش، یەکەم کتێبی سەربەخۆی خۆی، لە بارەی هونەری گرافوور و ڕەسمکردن و وێنەگەری، بەناونیشانی (وێنەگەری و کۆڵین)، لە چاپخانەکەی لە ڕەواندزدا، بە چاپ گەیاندووە (پیربال، ٢٠١٠، أ. ل١٣٦-١٤٠).

قوتابخانەکانی ڕەواندز، هۆکارێکی دیکەی پەرەپێدانی لایەنی هونەری شێوەکاری بوون. یەکێک لەو وانانەی، کەوا لە یەکەم قوتابخانەی ڕەواندزدا، لەنێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٢٥)دا، خوێندراوە، وانەی ڕەسم بووە. مامۆستایانی هونەری لەو قوتابخانانەدا، وەک فوئاد ڕەشید بەکر[٣٠]، (کە لەسەرەتای سییەکاندا، بۆتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕەواندزی سەرەتایی)، دەستێکی باڵای لە هونەریی

نیگارکێشان و هێڵکارییدا هەبووە و ڕۆڵێکی دیاری لە پەروەردەکردنی قوتابیاندا، لەم ڕووەوە، گێڕاوە. هەروەها هەریەک لە مامۆستایان، جەواد ڕەسووڵ ناجی (١٩٢٢-١٩٧٥)، مونیر قەساب[٣١]، حەسیب ڕەسووڵ ناجی و سابیر عەبدوڵڵا، هەوڵێکی زۆریان، بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی هونەریی قوتابیان داوە. لە پێشانگای ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفدا، قوتابخانەکانی ڕەواندز، بە چالاکی هونەری شێوەکاریی، وەک تابلۆ و خوشنووسی و هێڵکاری بەشداریان کردووە، چەندین جار توانیویانە، پلەی یەکەم بەدەست بێنن (مستەفا، ٢٠١٣، ل٣٤، ٤١-٤٢، ٤٨-٤٩).

## هونەریی شانۆ:

لە بواری شانۆدا، یەکێک لەو لایەنانەی کەوا گۆڤاری (زاری کرمانجی) بایەخی پێداوە، بڵاوکردنەوەی دەقی شانۆیی بووە. (حوسێن حوزنی موکریانی)، دەقێکی شانۆیی بەناوی (دەردی دەروون)، لە ژمارەکانی (٧، ٨ ، ٩)ی (زاری کرمانجی)یدا، بە زنجیرە بڵاوکردۆتەوە[٣٢]. یەکەم شانۆییش، لە شاری ڕەواندزدا پێشکەشکرابێ لە ساڵی ١٩٣١دا، بەناوی (نیرۆن) بووە، کە شانۆییێکی کۆمیدی نۆپەردەیی بوو، لەلایەن (فوئاد ڕەشید بەکر)ەوە، ئامادەکراوە (پیربال، ٢٠٠١، ب. ل٣٢- ٣٤؛ مستەفا، ٢٠١٣، ل٣٢-٣٤). ئەم شانۆییە، لە پێشدا و لە ساڵی ١٩٢٧، لە شاری سلێمانییدا پێشکەشکراوە. (فوئاد ڕەشید)، هەر خۆی ڕۆڵی تێدا گێڕاوە (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل١٦). ساڵی ١٩٤٣، شانۆیی (دڵداری و پەیمان)، لەئامادەکردن و دەرهێنانی محەمەد قودسی (١٩٢١-١٩٤٧)، پێشکەشکراوە. لە هەمان ساڵدا، شانۆییێکی دیکە، بە ناوی (مەحکەمە) هەر لە ڕەواندزدا، پێشکەش کراوە (محەمەد، ١٩٩٧، گۆڤاری ڕامان). هەروەها شانۆیی (بارام بەگ)یش، کە بەرهەمێکی سیاسی بووە، لە هەمان ساڵدا، پێشکەش کراوە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٩٦). لە

هەولێرنامەی کتێب

پەنجاکانیشدا، شانۆیی (لە ڕێی نیشتیماندا)، لە دەرهێنانی (حەسیب ڕەسوول ناجی)، کە ئەوکاتە کاتب بووە، لە قوتابخانەی ناوەندی ڕەواندز، لە ساڵی ١٩٥٦ دا، پێشکەش کراوە. ساڵی ١٩٥٧ یش، هەردوو شانۆیی (کاوەی ئاسنگەر) و (ملاک الرحمة)، نمایش کراون. ئەوکاتە، زۆربەی شانۆییەکان، یان لە قوتابخانەکاندا، یان لە شوێنە گشتییەکاندا، یان لە دەرەوەی ڕەواندزدا، نمایش کراون. چونکە هیچ هۆڵێک، یان شوێنێکی تایبەت، بە شانۆ، لە شارۆچکەکەدا نەبووە. ئەکتەرەکانیش، زۆربەیان لە قوتابیان و مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی شارەکە پێکهاتبوون، کەسێک نەبووە کە خۆی بە تەواوی بۆ کاری شانۆیی تەرخان کردبێت (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد، ٩-١٠-٢٠١٤)[٣٣].

هەر لە قوتابخانەکاندا، لەتەک چالاکی شانۆیی، ئۆپەرێتیش پێشکەش کراوە، (کە گفتوگۆی نێوان دووکەس بووە، بە شێوەی هەڵبەست و هۆنراوە)، زۆربەی ئۆپەرێتەکانیش، یان لە وانەکانی قوتابخانە وەرگیرابوون، یانیش بەرهەمی دەرەوەی قوتابخانەکان بوون، کەوا مامۆستایان، ئامادەیان دەکرد و لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا، لەلایەن قوتابیانەوە، پێشکەش دەکران. یەکێک لەو بەرهەمانە، کە لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا، لە قوتابخانەی (ڕەواندزی سەرەتایی کچان)دا، پێشکەش کراوە، ئۆپەرێتی (نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە) بووە، هۆنراوەی فایەق بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨)ی شاعیر بووە و لەلایەن مامۆستاییێکی قوتابخانەکە، بەناوی (حانێ بۆیا) کە خەڵکی عەنکاوەی (نزیک هەولێر) بووە، ئامادەکراوە و قوتابیان لە شێوەی ئۆپەرێت، پێشکەشیان کردووە. هەروەها ئۆپەرێتێکی دیکەشیان، بە زمانی عەرەبی پێشکەش کردووە (دایکی ئامێز، ٢٠١٤، ل٤٨-٥٠). لە ساڵی ١٩٥٧یشدا، ئۆپەرێتی (پەپوولە)، لە نووسینی (عبدالرزاق بیمار)، هەر لە ڕەواندزدا، پێشکەش کراوە (پیرباڵ، ٢٠٠١، ب. ل٩٥).

## هونەریی مۆسیقاو گۆرانی:

هونەری مۆسیقا و گۆرانی، لە شارۆچکەی ڕەواندزدا، ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە، بەناو هونەر و ئاوازی فۆلکلۆرییدا قوڵ بۆتەوە. ئەگەرچی هەر لەسەدەی نۆزدەمەوە، هەندێ سیمای شارستانی لە شارەکەدا دەرکەوتوون، بەڵام هونەری مۆسیقا و گۆرانی و ئاوازی فۆلکلۆری و میللی، وەک خۆی لە برەو دابووە، بەتایبەت لە بۆنە و ئاهەنگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و بۆنە ئایینییەکاندا. ئامێرەکانیش هەر لەو ئامێرە ڕەسەنانە بوون، کە لە مێژساڵ بوو، لە ناوچەکەدا باوبوون، وەک: دەهۆڵ و زوڕنا و شمشاڵ و دەف و دووزەلە. لە دیارترین ئەو هونەرمەندانەشی، کە ناسرابوون بە ژەنینی ئەو ئامێرانە و گۆرانی و ئاوازی میللی، ئەوانەبوون: مەولود عوسمان، فەتاح مشکۆ، حەمەدیلە، حاجی قادر ئاکۆیی، مەجید مەلا میرزا، عەبدێ سلێمان، حەسەن دووزەلە، مەلا قوندیل، ئیسماعیل خەلیل، حاجیلە، مەلا حەبیب و قاسم کوردە (مستەفا، ٢٠١٣، ل٣٤-٣٥).

هەولێر ناما کتێب

سەبارەت بە مۆسیقای نوێ، وەک ئاماژەی پێدەکرێت، لەسەردەمی سەید تەهای نەهری (١٩٢٣-١٩٢٨)یدا، کە قایمقامی ڕەواندز بووە، تیپێکی مۆسیقای سەربازی دروست کردووە، کە لە بۆنە و نمایشەکاندا، وەک ڕۆیشتنی سەربازان و نمایشی وەرزشی و دیدەوانییدا، چالاکییان نواندووە. یەکێک لەو کەسانەی لەو تیپەدا ئەندام بووە، ساڵح نەورۆزە فەندی بووە، کە ئامێری دەهۆڵی سەربازی گەورەی کوتاوە (مستەفا، ٢٠١٣، ل٢٥-٢٦). هەروەها (عیزەت حوسێن)، ئامێری (سەنەج)ی لێداوە. ئەم تیپەش، جگە لە چالاکی دیدەوانی، کەمتر بەشداری چالاکییە هونەرییەکانی دیکەیان کردووە. لەو تیپەش بەولاوە، هیچ تیپێکی دیکەی مۆسیقا، لە شارۆچکەکەدا، نەبووە.

هەندێ هۆکار لە دەرەوەی ڕەواندزدا، کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی هونەری ناو شارۆچکەکە، جێهێشتووە. یەکێک لەوانە، ڕادیۆ بووە، بەتایبەت (بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا)[٣٤] ، کە هەر لە ساڵی ١٩٣٩ۆوە، لە شاری بەغدادا کراوەتەوە. لە ڕێگەی پەخشکردنی دەنگ و ئاوازی هونەرمەندانی کورد، توانیبووی کاریگەری لەسەر خەڵکی کوردستان بە گشتی دروست بکات. دەنگی ئەم هونەرمەندانە، یان لە کۆمپانیاکانی قەوان، لە شاری بەغدا، یان لە ستۆدیۆی ڕادیۆکەدا تۆمار دەکران. لەو هونەرمەندانەش وەک: کاویس ئاغا (١٨٨٩-١٩٣٦)، مەلا کەریم (١٨٨٥-١٩٤١)، مریەم خان (١٩٠٤-١٩٤٧)، حەسەن جەزراوی (١٩١٢-١٩٨٦)، محەمەد عارف جەزراوی (١٩١٢-١٩٨٦) و عەلی مەردان (١٩٠٤-١٩٨١). لە ڕەواندزدا، هەر لە ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٣)ەوە، ئامێری ڕادیۆ گەیشتۆتە شارۆچکەکە. ساڵی (١٩٤٢) کەسێک بەناوی (مەلا تایەر ئەفەندی)، ڕادیۆی هێناوەتە ڕەواندز و لەماڵەکەی خۆی دایناوە. ساڵێک دواتر، ڕادیۆییێک لە چایخانەی سەید عەزیزیش دانراوە، خەڵکی ڕەواندز بە کۆمەڵ، لە دەوری کۆبوونەتەوە، گوێیان لە بەرنامە و ئاواز و گۆرانییەکان گرتووە (خەیلانی، ٢٠١٤، ل١٩٩؛ مجروم، ٢٠١١، ل٣٠). لە پەنجا و شەستەکانیشدا، ئامێری ڕادیۆ زیاتر لە ڕەواندزدا، بڵاوبۆتەوە. هەروەها بوونی ئامێری (گرامافۆن)یش، بەتایبەت، کە بۆ یەکەمجار، لە چایخانەی (سەید عەزیز) داندراوە، هەمان کاریگەری هەبووە. ئەم ئامێرە، قەوانی دەخرایە سەر، کە دەنگی هونەرمەندانی کوردی لەسەر تۆمارکرابوو، وەک سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی (١٨٨٢-١٩٣٧)، کە ئەمەش دیسان کاریگەری لەسەر دروستکردنی چێژی هونەری لای دانیشتوانی شارۆچکەکە، هەبووە (مستەفا، ٢٠١٤، ل٣٩).

یەکێکی دیکە، لە سیماکانی ڕەوشی هونەریی ڕەواندز، سروودی نیشتیمانی و نەتەوەیی بووە. ئەم سروودانە، لە قوتابخانەکاندا ئامادەدەکران، بەتایبەت لە وانەی (سروود)، کەوا قوتابیان لەسەر

وەرگرتنی هۆنراوەکە و ئاوازەکە ڕادەهێندران، لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا، بە کۆرس یان بەتاک پێشکەشیان دەکرد. مامۆستایانیش، لەم ڕووەوە، ڕۆلێکی دیاریان گێڕاوە. ئەو ڕۆژانەی وانەی سروود هەبووایە، یان لە ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە، قوتابیان لەسەر گووتنەوەی ئەم سروودانە، ڕاهێنانیان پێکراوە. تا لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا، پێشکەشی بکەن. یەکێک لە دیارترین ئەو ئاهەنگانە، ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ بووە، کەوا لە (گۆڕەپانی گەردەگەرد)ی شارۆچکەکەدا، بە ئامادەبوونی قایمقام و خەڵکێکی زۆری ڕەواندز، ساز کراوە. لەم ئاهەنگەدا، قوتابیان، سروودی نەورۆز و چەند سروودێکی دیکەیان پێشکەش کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی جۆش و خرۆشێکی زۆر لە ناو ئامادەبووانی ئاهەنگەکەدا (خەیلانی، ٢٠١٤، ل١٧؛ چاوپێکەوتن: شوکرییە حەمەدئەمین، ٨-٣-٢٠١٤).

لە نێوان ساڵانی (١٩٥٥-١٩٥٧)یشدا، کەسێک هەبووە بەناوی (فەتاح ئەحمەد)، کە لە پێشتردا لە سوپای ئینگلیزدا ژەنیار بووە، ئامێری(باگ بیبس)[٣٥]ی ژەنیوە. زۆرجار لەناو ڕەواندزدا، ئەو ئامێرەی دەژەنی و خەڵکانیش لە دەوری کۆدەبوونەوە و گوێیان لە مۆسیقاکەی گرتووە. کە هەم ئامێرەکە، سەرنج ڕاکێش بووە، هەم خۆشی لە ژەنینییدا، لێهاتوو بووە. سەرنجی خەڵکەکەی، بۆلای خۆی ڕاکێشاوە (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد، ٩-١٠-٢٠١٤).

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی
## لە ڕەواندز (١٩٥٨-١٩٦١)دا:

شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵ ١٩٥٨، گەلێک گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا، هێنا پێشەوە، کە بەشێکیان، بەسەر کوردستانی عێراقیشدا، ڕەنگیان دایەوە. لەتەک لایەنی سیاسییدا، لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کەوتنە ژێر کاریگەریی دۆخە تازەکەوە. هەموو ئەو گۆڕانکارییانە، کەشێکی لەباریان، بۆ گەشەکردنی باری ڕۆشنبیریی کوردی، بەتایبەت لە بوارەکانی پەروەردە و ڕۆژنامەگەریی و ئەدەب و هونەردا، ڕەخساند. ڕەوشی ڕۆشنبیریی ڕەواندز لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزدا، لەتەک بارە سیاسیە نوێیەکەیدا، بەم شێوەیە کەوتە ژێر کاریگەری دۆخەکە:

هەواڵنامەی کتێب

### بواری پەروەردەو فێرکردن:

یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی (شۆڕشی چواردەی تەممووز)، بۆ کورد لە کوردستانی عێراقدا، چەسپاندنی خوێندنی کوردی بوو. ساڵی(١٩٥٩)، بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خوێندنی کوردی لە شاری بەغدا دامەزرا. مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد، بە گشتی، ڕۆڵێکی دیاریان لەو بارەیەوە گێڕا. بەمەش توانیان کاریگەرییەکی گەورە، لەسەر پەرەپێدانی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکاندا، دروست بکەن. وەک ئامادەکردنی هەردوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە (١٩٥٩-١٩٦٠)دا[٣٦]. لە ڕەواندزیشدا، بەهەمان شێوە، بەپێی ئەو بڕیارەی کە شۆڕش، لەبارەی مافی خوێندنی زمانی نەتەوەیی دەریکردبوو، خوێندن لە قوتابخانەکانی ئەو شارۆچکەیەدا، کرایە کوردی (چاوپێکەوتن: شوکرییە حەمەدئەمین، ٨-٣-٢٠١٥)[٣٧]. بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی، سەبارەت بە وەرگێڕانی کتێبە

پەروەردەییەکان، بۆسەر زمانی کوردی، لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا. بەڵام بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە، لە ساڵی(١٩٦١)دا، لیژنەکە نەیتوانی کارەکانی وەک پێویست ئەنجام بدات (نەجار، ٢٠١٦، ل١٠٨). ئەوەی زیاتر لەو ماوەیەدا، لە شارۆچکەی ڕەواندزدا، ڕۆلی خۆی گێڕاوە، هەوڵی بەشێک لە مامۆستاکان بووە، کە بەپێی توانای خۆیان، بابەتی ناو کتێبەکانی خوێندنیان بۆ قوتابیان وەرگێڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا، مامۆستایانی ڕەواندز، شان بەشانی مامۆستایانی کوردستان، کەوتنە هەوڵدان بۆ زیاتر جێگیرکردن و چەسپاندنی خوێندنی کوردی و هێنانە ناوەوەی وانەی کوردی، بۆناو پرۆگرامەکانی خوێندن. یەکێک لەم هەنگاوانە، بەشداری مامۆستایانی ڕەواندز بوو، لە کۆنگرەکانی مامۆستایان، لە شەقڵاوە (١٩٥٩-١٩٦٠)دا، کە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی کۆنگرەکە، دەربارەی بایەخدانی زیاتر بە جێگیرکردنی زمانی کوردی بوو، لە پرۆگرامەکانی خوێندندا. ئەو مامۆستایانەش وەک: ئەنوەر عەلی عەبدولڕەزاق، فەتاح تۆفیق و جەلال سەعید خەیلانی بوون. هەردوو کۆنگرەکە، توانیان کاریگەرییەکی باش، لەسەر دۆخی خوێندنی کوردی دروست بکەن و زیاتر بەرەو پێشەوەی ببەن (قەرەنی، ٢٠٠٣، ل٤٣-٤٤). لەم بارەیەوە مامۆستا سامی عەبدولقادر دەڵێت: **لە دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، جۆرێک لە بوژانەوە، بەتایبەت لە بواری پێشکەوتنی زمانی کوردییدا، هاتە ئاراوە. هەردوو کۆنگرەکەی شەقڵاوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠دا، ڕاسپاردەی باشیان بۆ زمانی کوردی پێشکەش کرد. بەڵام بەهۆی ئەوەی ماوەکە کورتخایەن بوو، گرژی کەوتە نێوان کورد و حکومەتی کۆماری عێراق، لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١)دا، شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، بۆیە دەستکەوتەکانیش، کەوتنە ژێر کاریگەری دۆخەکە (چاوپێکەوتن: سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤).**

یەکێکی دیکە، لە چالاکییەکانی دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، کردنەوەی (خوولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری-محو

الامیە) بوون. بۆ ئەم مەبەستە، دەیان بنکەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری، لە ناوچەی ڕەواندزدا، (ناوەوەی ڕەواندز و گوندەکانی دەوروبەری)، لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦١)دا، کرانەوە. مامۆستایان، لەتەک ڕاپەڕاندنی ئەرکی پەروەردەییان، وانەیان لەم خولانەدا، دەگووتەوە. ئەمەش لایەنێکی دیکەی ئەو دەستکەوتانە بوو، کەوا لەدوای شۆڕشی چواردەی تەممووز، لە ناوچەی ڕەواندزدا، بەدەست هاتووە (چاوپێکەوتن: شوکرییە حەمەدئەمین، ٨-٣-٢٠١٥).

سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی قوتابخانە و مامۆستایان و قوتابیان لە دوای شۆڕشدا، پەرەسەندنێک لەم ڕووەوە بەدی هاتووە. لە لیوای هەولێردا، بە قەزای ڕەواندزیشەوە، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٥٧-١٩٥٨)، واتە ساڵێک پێش شۆڕشی چواردەی تەممووز، ژمارەی قوتابخانەکان (١٣٠) قوتابخانە بووە (جماعة من شباب اربیل، ١٩٦٨، ص٩٦-٩٧)، بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٦٠-١٩٦١)، ژمارەکە بەرزبۆتەوە، بۆ (٢٢٨) قوتابخانە (الجمهوریة العراقیة، وزارة المعارف، التقریر السنوي١٩٦٠-١٩٦١، ص١٤-٣٣). واتە لە ماوەی (٣) سێ ساڵدا، نزیکەی (١٠٠) قوتابخانە زیادی کردووە. ئەمە وێڕای زیادبوونی ژمارەی مامۆستایان و قوتابیان. لە قەزای ڕەواندزدا، زیاتر ئەم پەرەسەندنە لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندزدا بووە. بەتایبەت لەو گوندانەی کە پێشتر قوتابخانەیان لێنەبووە. لە ناو شارۆچکەی ڕەواندزدا، زیادبوونێکی ئەوتۆ، بەتایبەت لە ژمارەی قوتابخانەکاندا، نەهاتۆتە پێشەوە. تەنها ئەوەنەبێت، بینایەیەکی تازە بۆ قوتابخانەی (بێخاڵ)ی سەرەتایی دروست کراوە، کە لە پێشدا لە نێو بینایەکی کۆندا بووە. هەر لە دوای شۆڕش و لە ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦١)دا، ژمارەی مامۆستایانیش لە قوتابخانەکاندا، زیاتر بوون. کۆمەڵێک مامۆستای ڕەواندز، (خانەی مامۆستایانی هەولێر)یان تەواوکرد و گەڕانەوە ڕەواندز و وەک مامۆستا لەناو ڕەواندز و گوندەکانی دەوروبەرییدا دامەزران. بەمەش تا ڕادەیەک، کێشەی

هەواڵنامەی کتێب

کەمی مامۆستایان چارەسەر کردووە (**چاوپێکەوتن: سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤**).

## بواری ئەدەب و نووسین:

ڕووکارەکانی بواری ئەدەبی لە ڕەواندزدا، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزدا، زیاتر لە چوارچێوەی ئەو ئاهەنگانەدا دەرکەوت، کە لەو کاتانەدا، لە بۆنە جیاوازەکاندا، سازدەکران. بەتایبەت لە (بۆنەی نەورۆز) و (یادی شۆڕشی چواردەی تەمموزی١٩٥٨)دا. ئەو ئاهەنگانە، دەرفەتێکی باش بوون، تاوەکوو لەتەک چالاکی و نمایشی هونەرییدا، شیعر و وتاری ئەو کەسانە بخوێندرێتەوە، کە بەهرەی ئەدەبییان هەبوو. خەڵک ئاشنا بە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بکەن. بەتایبەت کە لەو کاتانەدا، بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و شیعر خوێندنەوە، لە شارۆچکەکەدا، لە چوارچێوەی چالاکیی تایبەتدا، لە ئاستێکی زۆر لاواز دابووە و هیچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەک لەناو شارۆچکەکەدا، دەرنەچووە. تاکوو ببێتە هۆکاری برەودان بە ئاستی ئەدەبیی شارۆچکەکە (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد٢٠١٤/١٠/٩ و سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤). یەکێک لەو ئاهەنگانە، لە ڕۆژی (١٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩)دا، بەبۆنەی یادکردنەوەی شەهیدکردنی چوار ئەفسەرەکەی کورد، سازکراوە. لەم ئاهەنگەدا، لەتەک وتاری لایەنە ئامادەبووەکان، پێشکەشکردنی سروودی نەتەوایەتی و نیشتیمانی، پارچە هەڵبەستێک لەلایەن (محەمەد مەنگوڕی)[٣٨]، شاعیرەوە خوێندراوەتەوە، کە گوزارشت بووە، لە ساڵڕۆژی ڕووداوەکە[٣٩]. هەروەها، لە نەورۆزی ساڵی١٩٦٠ و ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، بە هەمان شێوە، ئاهەنگ سازکراوە و لەلایەن شاعیرانی ڕەواندزەوە، شیعر و پەخشانی نەتەوایەتی و گوزارشتکردن لەو ساڵیادە، پێشکەش کراون (مستەفا، ٢٠١٤، ل٥٤).

لایەنێکی دیکە، کەوا کاریگەری لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی ڕەواندزدا هەبووە، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بوون، کە لەدەرەوەی شارۆچکەکەدا، دەردەچوون. شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی ڕەواندز، بەرهەمەکانیان تێیاندا بڵاو دەکردەوە. بەتایبەت (گۆڤاری هەتاو)، کە ئەو کاتە لە شاری هەولێردا دەردەچوو، ڕۆلێکی گرنگی لەو بارەیەوە گێڕاوە. شاعیر و نووسەرانی ڕەواندز، وەک لەتیف نادر ڕەواندزی و یوسف دەرگەڵەیی (١٩٤٣–١٩٨٥) و محەمەد مەنگوڕی، شیعر و بەرهەمەکانیان، تێیدا بڵاوکردۆتەوە. لەتیف نادر ڕەواندزی، لە ژمارە(٦٤)ی گۆڤاری (هەتاو)ی ساڵی ١٩٥٩ دا، شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، لە کۆپلەیەکییدا دەڵێت:

**باڵ ڕاوەشێنە بفڕە بەرەو ماڵ**
**بگەڕێ بەسەر خاکی کوردستان**
**وڵاتی جوانی کاوەی قارەمان**
(هەتاو، ١٩٥٩، ل١٢)

هەروەها (محەمەد حەسەن مەنگوڕی)، لە ژمارە (١٦٢) هەمان گۆڤاردا، شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، کە بەهەمان شێوە گوزارشتی نەتەوەیی، لە خۆیدا گرتووە و دەڵێت:

**سوێندم بە قازی و بە سەیف و خۆشناو**
**بە ئەختەر قودسی خەیروڵڵا بەناو**
**بە خوێنی سووری عائیشەی دلێر**
**بە شۆڕشەکانی سمکۆی نەڕڕەشێر**
(هەتاو، ١٩٥٩، ل١١)

ئەوەی تێبینی دەکرێت، زۆربەی شیعری ئەو شاعیرانە، لە ڕووی ڕوخسارەوە، بە وشە و گوزارشت و دەربڕینی ساکار، دەربڕاون. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، بەهۆی کاریگەری بارودۆخەکە، زیاتر بایەخیان بە هۆنراوەی نیشتیمانی و نەتەوەیی داوە. ئەمەش یەکێکە، لەو سیمایانەی، کە دەقی ئەدەبی، لە دوای شۆڕشی چواردەی

تەمموزدا، پێی جیا دەکرێتەوە. ئەگەرچی زیاتر لە ناو ڕۆشنبیرانی ڕەواندزدا، شیعر باوبووە، بەڵام هەندێجار، پەخشان و وتاریشیان بڵاوکردۆتەوە، وەک: یوسف دەرگەڵەیی و لەتیف نادر و عەبدولرەزاق حەمەد[٤٠].

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە کاریگەرییان بەسەر ڕەوشی ئەدەبی شارۆچکەی ڕەواندزدا هەبوو، (ڕادیۆی کوردی لەبەغدا) و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دەرەوەی ڕەواندز بوون، ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، بە پەخشکردنی ئاواز و گۆرانی کوردی و بڵاوکردنەوەی هۆنراوەی شاعیرانی کورد و بەرنامە ڕۆشنبیرییەکانی، گوڕوتینێ بە ڕۆشنبیرانی خولیا بە هۆنراوە و ئەدەب بەخشی بوو. هەروەها ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کە دەگەیشتنە ڕەواندز، هەمان کاریگەرییان هەبوو، وەک گۆڤارەکانی: هەتاو، هیوا، پێشکەوتن[٤١]، شەفەق[٤٢]، ڕۆژی نوێ[٤٣]، ڕۆژنامەی خەبات[٤٤] و ئازادی[٤٥]، کە لە هەندێکیاندا، بەرهەمەکانیشیان بڵاو کردۆتەوە (سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤).

لەبەرئەوەی ئەوکاتە (١٩٥٨-١٩٦١)، هیچ ناوەندێکی ڕۆشنبیریی ناو ڕەواندزدا نەبووە، کە ببێتە هۆکارێک بۆ دیداری ڕۆشنبیران و ئاڵ و گۆڕی بابەتی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، بۆیە زیاتر ئەم جۆرە دیدارانە، لە چایخانەکانی ڕەواندزدا، بەتایبەت چایخانەی سەید عەزیز[٣٠] دروست دەبوو. هەروەها کتێبخانەکەی عەلی مەکتەبە و یانەی فەرمانبەرانی ڕەواندزیش، دوو شوێنی دیکەی دیداری ڕۆشنبیران بوون (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد٢٠١٤/١٠/٩ و سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤).

## بواری هونەری:

هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموز و ئەو ئاهەنگ و چالاکییە ڕۆشنبیریی و هونەرییانەی، کەوا بەبۆنەیساڵڕۆژی شۆڕشەکە سازدەکران، ڕەوتی بزاڤی هونەرییان، لە کوردستانی

عێراقدا، بەرەو پێشەوە برد. سیمایەکی تازەیان بەخشییە بزاڤەکە و هاندەرێک بوون، تاوەکوو بزاڤەکە، بەگوڕتر بکەن و ببنە خاڵی جیاکەرەوەی دوو قۆناغ، لە بزاڤی هونەریی کوردستانی عێراقدا. ئەوەی کەوا زیاتریش ڕۆلی لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئەو ئاهەنگانەدا گێڕاوە، پارتە سیاسییەکانی وەک (حزبی شیوعی عێراقی) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی سەربەو دوو پارتە بوون. کە ئەوکاتە، زیاترینی دانیشتوانی ڕەواندز، ئەندام و لایەنگری یەکێک لەو دوو پارتە بوون.

لە ڕەواندزدا، نمایشی شانۆیی، لە پێشەوەی ئەو چالاکییانە بووە، کە لەتەک ئاهەنگە هونەرییەکاندا، ئەنجام دەدران. لەو ماوەیەدا، چەند شانۆیییەک نمایش کراون، لەوانەش وەک شانۆیی (ئافرەت و نووشتە و جادووگەر)، لە دەرهێنانی (عومەر هەڵمەت)، کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٨دا، نمایش کراوە (مستەفا، ٢٠١٣، ل٥٠-٥١). لە هەمان ساڵ و مانگدا، شانۆیی (ڕۆژی ئازادی)، لە نووسینی (محەمەد مەنگوڕی)، لە باخچەی گشتی شارۆچکەکەدا، نمایش کراوە. هەروەها شانۆیی (سەرتاش)یش، کە شانۆیییێکی کۆمیدی بوو، لەهەمان ئەو ساڵەدا، نمایش کراوە. هەروەها شانۆیی (شیرین و فەرهاد)، لە نووسینی عەبدولڕەزاق بیمار و دەرهێنانی (حەسیب ڕەسوول ناجی) هەر لەو ساڵەدا، نمایش کراوە. قوتابیانی ڕەواندز، ڕۆڵیان تێیدا گێڕاوە (محەمەد م، گۆڤاری ڕامان، ١٩٩٨).

لە نێوان ساڵانی(١٩٥٩-١٩٦٠)دا، بەهۆی ئەو ئازادییەی کە بە هۆی شۆڕشەوە هاتبووە ئاراوە، چەند شانۆییەک لە ڕەواندزدا، نمایش کراون. زۆربەی شانۆکان، گوزارشتێکی نیشتیمانی و نەتەوەییان تێدا دەردەکەوێت. لەوانەش، وەک: شانۆیی (بۆ کوردستان)، لە نووسین و دەرهێنانی (محەمەد مەنگوڕی). هاوکات لە شارۆچکەکانی شەقڵاوە و هەریریش نمایش کراوە. هەروەها شانۆیی (بۆ شەهیدان)، لە ڕەواندز و گەلاڵەدا، نمایش کراوە. شانۆیی (بوکی

هەوارگەی کتێب

کوردستان)یش لە ڕەواندز و پاشان لە ئاواییەکانی (حاجی ئۆمەران) و (زینوێ)ش نمایش کراوە. دیارترین ئەو کەسایەتییانەی ڕۆلیان لە نووسین و ئامادەکردن و نواندنی ئەو شانۆییانەدا، لە نێوان سالآنی (١٩٥٨–١٩٦١)دا گێڕاوە، ئەمانە بوون: حەسیب ڕەسوول ناجی، محەمەد مەنگوڕی، عومەر هەڵمەت، سابیر عەبدوڵلا، یوسف دەرگەڵەیی، جەمال شەیدا، محەمەد ئەمین گورگور، سمکۆ محەمەد، فەرهاد محەمەد مستەفا، کوردۆ غەفور، جەمشید مستەفا، شوکریە محەمەد ئەمین، سوڵحیە ئەحمەد کەمال، جەلال عوسمان، عەزیز حوسێن، جەلیل حەسەن. بەمەش دەردەکەوێت، کە شانۆ لە شارۆچکەکەدا، بە تایبەت لە بۆنە و ئاهەنگە هونەرییەکاندا، جێگەی گرنگی و بایەخپێدان بووە (مستەفا، ٢٠١٣، ل٥٠–٥٤).

سەبارەت بواری هونەریی ئاواز و گۆرانی و مۆسیقا، لەو ماوەیەدا، لە ئاستێکی لاواز دابووە، ئەگەرچی لەو ئاهەنگانەی کەوا لە بۆنە و یادەوەرییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکاندا سازدەکران، گۆرانی و سروودی نیشتیمانی پێشکەش دەکران، کە زیاتر لەلایەن مامۆستایان و قوتابییانەوە ئامادە دەکران (چاوپێکەوتن: سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤)، بەلآم تا ئەو کاتە، هیچ تیپێکی مۆسیقا، یان کەسانێکی شارەزا لە ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقای نوێدا، لە ناو ڕەواندزدا نەبوون، تەنها ئەو کەسانە هەبوون، کە مۆسیقای میللیان دەژەنی. بەتایبەت دەهۆڵ و زوڕنا، کە لەگەڵیاندا، هەڵپەڕکێی کوردی سازدەکرا. ئەو کەسانە، لە زۆربەی ئاهەنگە تایبەتییەکانی ناوچەکە، بەشدار دەبوون. بەتایبەت لە ئاهەنگی نەورۆزی سالآنی (١٩٥٩–١٩٦٠–١٩٦١). زۆرجار لە یانەی فەرمانبەرانی ڕەواندزیشدا(٤٦)، یان لە چایخانەکاندا، وەک چایخانەی (سەعید نادی)، هونەرمەندە ناودارەکانی کورد، وەک محەمەد عارف جەزیری (١٩١٢–١٩٨٦) و حەسەن جەزیری (١٩١٧–١٩٨٣) داوەت دەکران و گۆرانییان دەگووت. کە زۆرجار لەگەڵ خۆیاندا، کەسانێکیان دەهێنا، مۆسیقایان

بۆ دەژەنین، جۆش و خرۆشێکی تایبەتییان، دەخستە ناو جەماوەری ئامادەبووی ئاهەنگەکان (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد ٢٠١٤/١٠/٩).

لە بواری هونەریی شێوەکاریشدا، بەهەمان شێوە، زیاتر چالاکی بواری شێوەکاری و وێنەکێشان، لە قوتابخانەکاندا، ئەنجام دەدران. بەتایبەت کردنەوەی (پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکان). قوتابخانەکانی ڕەواندز، لەتەک ئەرکی پەروەردەییاندا، ببوونە ناوەندێکی گرنگی، کاروچالاکی ڕۆشنبیریی هونەری. لەمەشدا، مامۆستایان، ڕۆلێکی کاریگەرییان لەهاندانی قوتابیان و پەرەپێدانی بەهرەی هونەریی قوتابیاندا گێڕاوە. ئەم گەشەپێدانە، لەدوای شۆڕشی چواردەی تەممووزدا، زیاتر بەدەرکەوت. بەتایبەت کاتێک زەمینەیەکی ئازادی هاتە کایەوە، کاروچالاکی قوتابخانەکان، بەتایبەت لە بوارەکانی هونەرییدا، لە جاران زیاتر دەرکەوتن، وەک دروستکردنی بڵاوکراوەی دیواری، بەشێوەی هونەری و کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری، کە (بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف)، بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی سنووری (لیوا/پارێزگای هەولێر)، دەیکردەوە. یەکێک لە دیارترین ئەو چالاکییانە، بەشداری قوتابخانەکانی ڕەواندز بوو، لە (پێشانگای پیشەسازیی و کشتوکاڵیی هەولێر)، لە ژمارە (١٤١)ی گۆڤاری هەتاودا، ئاماژە بەوە کراوە، کەوا ئەم پێشانگایە، لەڕێکەوتی (١-١٠-١٩٥٨)دا، لە شاری هەولێردا، لە (یاریگای ئیدارەی محەلی)یدا، کراوەتەوە. قوتابخانەکانی ڕەواندز، بە (وێنەی ئاوی و مۆمیا و ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە) بەشدارییان تێیدا کردووە (هەتاو، ١٩٥٨، ل١٧-١٨). لەم جۆرە چالاکییانەدا، مامۆستایان و خوازیارانی بواری هونەری، ڕۆلێکی پێشەنگانەیان گێڕاوە، نموونەی ئەو مامۆستایەنەش، وەک: سابیر عەبدوڵڵا جەراح، فوئاد ڕەسوول ناجی، حەسیب ڕەسوول ناجییش[٤٧]، کە لە بواری هونەریی شێوەکارییدا، بەهرەمەند بوون. لە کارە دیارەکانی حەسیب ڕەسوول ناجی، تابلۆی (مەلای ڕەش) بوو، کە بە ڕەنگی ڕۆنی، لەسەر فایبەر کێشابووی، تا ساڵانی

هەفتاکانیش، لە ڕەواندزدا، مابوو. لە تەک ئەوانەدا، چەند کەسێکی دیکە، لەو شارۆچکەیەدا، لە ژێر کاریگەریی ئەو مامۆستایانەدا، بایەخیان بە هونەریی شێوەکاری داوە، وەک: سەدیق حاجی محەمەد ئەمین و ئەحمەد جەلال قەساب، ئەوەی دواییان پەیکەرسازێکی لێهاتوو بووە (مستەفا، ٢٠١٣، ل٤٨-٥٠).

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەوشی ڕۆشنبیری و هونەری لە ڕەواندز(١٩٦١-١٩٧٠)دا:

لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەهۆی کاریگەری بارودۆخی شۆڕش، شەڕو پێکدادانی سەختی نێوان کورد و سوپای عێراق، ڕەوشی ڕۆشنبیریی کوردستانی عێراق ڕووی لە کزی کرد. لە ڕەواندزیشدا، بە هەمان شێوە، ئەو جموجۆڵەی کە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزدا دروست ببوو، دووچاری وەستان و کزی هاتەوە، لە ئەنجامی شۆڕشی ئەیلولدا، چاودێری توندی ئەمنی و دەستگیرکردن و بەندکردنی خەڵکانی ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەری ڕەواندز، لەلایەن دەزگای سەربازی و ئەمنییەکانەوە، دەستی پێکرد. بەمەش، ژمارەیەک لەوانە، شارۆچکەکەیان جێهێشت و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. لە ئەنجامیشدا، بزاڤی هونەریی دووچاری پاشەکشە هاتەوە و هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەبینی. بەتایبەتی لەناو شاری ڕەواندزدا (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد(٢٠١٤/١٠/٩)، بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی ڕۆشنبیریی ڕەواندز لەو ماوەیەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

هەواڵنامەی کتێب

### بواری پەروەردەو فێرکردن:

بواری پەروەردە و فێرکردن، لە شارۆچکەی ڕەواندزدا، کەوتە ژێر کاریگەری دۆخی شۆڕشی کوردەوە. وێڕای ئەوەی بەشێک لە مامۆستایان، پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد و بوونە پێشمەرگە، لە هەمان کاتدا، ئەو مامۆستایانەشی کە مابوونەوە، خرانە ژێر چاودێری تووندی دەزگاکانی ئاسایش و سەربازی. تەنانەت ژمارەیەک لەو مامۆستایانە، بە هۆکاری سیاسی، بە فەرمانی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش)، بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق دوورخرانەوە. یەکێک لەو نووسراوانە، کە لە ڕێکەوتی (١٧-١٠-

١٩٦١)دا، بە ژمارە (١٠٧٢٧)ی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش) دەرچووە، فەرمانی گواستنەوەی چەند مامۆستایەکی لیوای هەولێری دەرکردووە، کە مامۆستایانی ڕەواندزیشی تێدایە، بۆ باشووری عێراق (قەرەنی، ٢٠٠٣, ل٤٤).

لە دوای کودەتای (٨ی شوباتی ساڵی١٩٦٣)دا، بارودۆخەکە خراپتر بوو[٤٨]. چاودێری دەزگاکانی ئاسایش، بەسەر هاوڵاتیانی کوردستاندا توندوتۆڵ تربوو. لە ڕەواندزیشدا، بارەکە بەهەمان شێوەبوو، چەندین مامۆستا لە قوتابخانەکانی ڕەواندزدا، بە تۆمەتی کاری سیاسی، فەرمانی دەستگیرکردن و لەکاردەرکردنیان بۆ دەرچوو. بە پێی نووسراوێک، کەوا قایمقامیەتی قەزای ڕەواندز، بە ژمارە (٢٥٢٧-س) لە ڕێکەوتی (١٠-٦-١٩٦٣)دا، بۆ موتەسەریفییەتی لیوای هەولێری ناردووە، تیایدا داوای دەستگیرکردن و لەکاردەرکردنی چەند مامۆستا و فەرمانبەرێکی کردووە (م/منتسبي حزب البارتي، ع: ٤/٢٥٢٧س. پ١). (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لیوای هەولێر)یش، بەفەرمانی ژمارە (٨٩٠١) لە ڕێکەوتی(٢٣-٦-١٩٦٣)دا، بڕیاری لەکاردەرکردنی (٨) مامۆستای مامۆستای ڕەواندزی دەرکردووە (امر اداري، م/ سحب يد معلمين، ع:٨٩٠١. پ٢). هەرچەندە دواتر بڕیاری گەڕانەوەی بەشێک لەو مامۆستایانە بۆسەر کارەکانیان دەرچووە (م/ فك يد مدرس و معلم و اعادتهما، ع:١٤٥٩٨. پ٣)، بەڵام لەژێر چاودێری توندی دەزگاکانی ئاسایش دابوون. لەم چاودێریەشدا، (ئاسایشی هەولێر)، بە نووسراوی نهێنی، ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێری کردووە (م/معلومات، ر:٥٦٦٣. پ٤)، هەرئەمەش وایکردووە، بەشێک لەو مامۆستایانە، لە شوێنی کارەکانیان لە ڕەواندزدا، بەرەو ناوچەکانی دیکە، وەک ناوشاری هەولێر بگوازرێنەوە (م/تنسيب المدرس، ع:٦٤٩. پ٥). ئەم گواستنەوە و چاودێری خستنەسەر مامۆستایانە، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دۆخی خوێندن لە ڕەواندزدا، دروست کردبوو، تەنانەت ئەم دۆخە،

هەواڵنامەی کتێب

کاریگەری لەسەر ژمارەی قوتابخانەکانی ناوچەی ڕەواندز و ژمارەی مامۆستایان و قوتابیانیشدا دروست کردبوو. زۆرجار، هەندێ لە ناوچەکانی دەروربەری ڕەواندز، بەهۆی بۆردومان و باری شەڕوپێکدادان، دادەخران. بەپێی ئاماری وەزارەتی مەعاریفی عێراقی، بۆساڵی خوێندنی (١٩٦١-١٩٦٢)، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوچەی ڕەواندز، (٣١) قوتابخانە بووە، ژمارەی مامۆستایانیش (١١٦) مامۆستا بووە و ژمارەی قوتابیانیش (٢٣١٥) قوتابخانە بووە (الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقريرالسنوي ١٩٦١-١٩٦٢، ص١٨)، کەچی بەهۆی بارودۆخی شەڕ، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٦٢-١٩٦٣)، ئەم ژمارانە کەمی کردووە، بۆ (١٨) قوتابخانە و (١١٢) مامۆستا و (٢٠٢) قوتابی (الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقريرالسنوي ١٩٦٢-١٩٦٣ ، ص١٨). (قوتابخانەی ناوەندیی ڕەواندز)یش، کە لە ساڵی خوێندنی (١٩٦١-١٩٦٢)دا، ژمارەی قوتابیانی (٢١٤) قوتابی بووە (الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقريرالسنوي ١٩٦١-١٩٦٢، ص٤١)، بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٦٢-١٩٦٣) بۆتە (٢٠٢) قوتابی (الجمهورية العراقية، وزارة التربية، التقريرالسنوي ١٩٦٢-١٩٦٣، ص٤١). ساڵی(١٩٦٦)، بارودۆخی سیاسی عێراق، کەمێک ئارامی بەخۆیەوە بینی، لەو ساڵەدا، حکومەتی عێراق، بەیاننامەیەکی ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد بڵاو کردۆتەوە. کە بە (بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران) ناسراوە. لە (١٢) دوازدە خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو. هەندێ لە خاڵەکانی، تایبەت بوون، بە دابینکردنی مافە ڕۆشنبیرییەکانی کورد[٤٩]. هاتنەپێشەوەی ئەم هەل و مەرجە تازە، کاریگەری لەسەر لایەنی پەروەردە و لایەنەکانی دیکەش لە کوردستاندا، دروست کردبوو. لە ڕەواندزدا، ئەم کاریگەرییە، بەسەر لایەنی پەروەردەدا ڕەنگی دایەوە. لەساڵی خوێندنی (١٩٦٥-١٩٦٦)دا، ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوچەکە، (١٧) قوتابخانە بووە، ژمارەی مامۆستایانیش (١٠٢) مامۆستا بووە، ژمارەی قوتابیانیش

هەواڵنامەی کتێب

(١٧٣٢) قوتابی بووە (الجمهورية العراقية، وزارة التربية،١٩٦٩، ص ٣١). بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٦٧-١٩٦٨)، واتە ساڵێک دوای ڕێککەوتنەکە، ئەم ژمارەیە لە ناوچەکەدا، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان، بۆتە (١٠٥) قوتابخانە و ژمارەی مامۆستایانیش (٩٢٨) مامۆستا و قوتابییانیش (٧٢٤٣) قوتابی (الجمهورية العراقية، وزارة التربية، ١٩٧١، ص٣٥). ئەمە لە کاتێکدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابخانە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا هەبوون، بەتایبەت لە دوای ساڵی (١٩٦٧)ەوە، ژمارەیان گەیشتۆتە (٢٠١) قوتابخانە (تاهیر، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ٢٠٠٩). کە ژمارەیەکیان لە ناوچەی لە ڕەواندز دابوون. بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٦٨-١٩٦٩)، بەهۆی جارێکی دیکە دەستپێکردنەوەی هێرش و پەلاماری سوپای عێراق بۆسەر کوردستان و دەستپێکردنەوەی شەڕ، جارێکی دیکە، ئەم ژمارەیە کەمی کردۆتەوە. ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان، بۆ (٢٦) قوتابخانە و ژمارەی مامۆستایان بۆ (١٢٣) مامۆستا و ژمارەی قوتابیانیش بۆ (٢١٨٠) قوتابی کەم بۆتەوە (الجمهورية العراقية، وزارة التربية، ١٩٧١، ص ١٨). ئەم دۆخەش تا ساڵی (١٩٧٠)، بەردەوام بووە.

## بواری ئەدەب و نووسین:

لە نێوان ساڵانی(١٩٦١-١٩٧٠)دا، شۆڕشی ئەیلوول، کاریگەرییێکی ڕاستەوخۆی کردە سەر پەرەسەندنی بیروباوەڕیی نەتەوەیی، ئەو ڕۆشنبیرانەی لەو کاتانەدا، خەریکی نووسین و ئەدەب بوون. ئەم جۆرە بیروباوەڕانە، لە کارەکانیاندا، ڕەنگی دەدایەوە. لەوکاتەدا، ژمارەی ڕۆشنبیران لە ڕەواندزدا، بە هۆی کاریگەریی بارودۆخەکە، کەم ببووەوە، بەشێکیان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دابوون، هەندێکیشیان، کە هەر لە ڕەواندزدا مابوونەوە، لە ژێرەوە، پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی

پارتەکان و پێشمەرگەوە هەبوو، بەڵام لەژێر چاودێری توندی دەزگا ئەمنییەکان دابوون. هەرچەندە، هەندێک لەوانە، دەستگیرکران و زیندانی کران، بەڵام لەتەک سەختی بارودۆخەکەدا، لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان بەردەوام بوون (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد٢٠١٤/١٠/٩و سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤). لە شەستەکانیشدا، چەند هۆکارێک کاریگەری لەسەر خەڵکە ڕۆشنبیرەکەی ڕەواندزدا، دروست کردبوو، کە ئەمانە بوون:

١-ڕادیۆکان، وەک ڕادیۆی دەنگی کوردستان[٥٠] و ڕادیۆی کوردی بەغدا و ڕادیۆی کوردی کرماشان[٥١]. بەتایبەت ڕادیۆی دەنگی کوردستان، کە هەواڵەکانی ناو شۆڕشی دەگواستەوە و بەرنامەی تایبەتی دەربارەی شیعر و ئەدەبیی کوردی پەخش دەکرد. زۆربەی دانیشتووانی ڕەواندز، گوێبیستی بەرنامەکانییان دەبوون، هەربۆیە لەنێوان سالانی (١٩٦١-١٩٧٠)دا، وێڕای بارودۆخی شەڕ، کاریگەری بەسەر خەڵکی شارۆچکەکەوە هەبوو (چاوپێکەوتن: زرار ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/٩).

٢ -گەیشتنی ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر، بە ڕەواندز. کە لەو کاتەدا لە کوردستان و لە شاری بەغدا و وڵاتە عەرەبییەکانەوە دەردەچوون. بەتایبەت گۆشە و بابەتە ئەدەبییەکانییان. ڕۆژنامە کوردییەکان، وەک: خەبات، برایەتی (التـأخي)[٥٢]، هەولێر و هەواڵ (الاخبار)[٥٣]. تەنانەت هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ڕەواندز، بەرهەمە ئەدەبییەکانیشیان، لە هەندێ لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا، بڵاودەکردەوە. بۆ نموونە لە (ڕۆژنامەی هەولێر)ی سالانی (١٩٦١-١٩٦٣)دا، ئەو ڕۆشنبیرانەی ڕەواندز بەرهەمەکانیان، بڵاو کردۆتەوە: سەلاح ماندوو، محەمەد مەنگوڕی، یوسف دەرگەڵەیی (جامباز، ٢٠١٩، ل١٢، ١٦،١٨). هەروەها ساڵی (١٩٦٢)، دوو گەنجی ڕۆشنبیری ڕەواندز کە: یوسف دەرگەڵەیی و محەمەد مەنگوڕی، بوون، ئەوکاتە لە لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوون. بڵاوکراوەیەکی نهێنیان لە شاری

هەولێردا، بە ناوی (ئاگر)[٥٤] دەرکردووە. ڕۆشنبیران و شاعیرانی هەولێر، بە نهێنی و بەناوی خواستراو، بابەتیان تێیدا، بڵاوکردۆتەوە.

٣-قوتابخانەکانی ڕەواندز، لەتەک ئەوەی ناوەندێکی زانستی و پەروەردەیی بوون، لە هەمان کاتدا، کاریگەرییان بەسەر بواری ئەدەب و ڕۆشنبیرییش هەبوو، بەتایبەت ڕۆلی ئەو مامۆستایانەی کە هەوڵیاندەدا قوتابیان لەسەر ئەم لایەنە پەروەردە بکەن و گەلێ چالاکییان لەم بارەیەوە ئەنجام دەدا و بڵاوکراوەی دیوارییان دەردەکرد. هانی قوتابیانیان دەدا، تاکوو پەخشان و بابەتی ئەدەبی بنووسن و بڵاوی بکەنەوە (چاوپێکەوتن: سامی ڕەواندزی ٢٠١٤/١٠/١٤). لەتەک قوتابخانەکاندا، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٥-١٩٦٧)دا، کتێبخانەی گشتی ڕەواندزیش کرایەوە. بەدەیان کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی بۆ دابین کرابوو، زۆر لە مامۆستایان و لەو ڕۆشنبیرانەی کە لە ڕەواندزدا بوون، سوودیان لێی وەرگرتووە (ب. کتێبخانەی گشتی ڕەواندز، ٢٠١١، ماڵپەڕی زاری کرمانجی).

هەواڵنامەی کتێب

## بواری هونەری:

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولدا، بەشێکی ئەوانەی بەکاری هونەری لە ڕەواندزدا خەریک بوون، دایانە پاڵ شۆڕش. ئەوانەشی کە مابوونەوە، کەوتنە ژێر چاودێری توندی دەزگا ئەمنییەکان. بەمەش ڕەوشی هونەری، ڕووی لە کزی کرد. جگە لە نمایشکردنی چەند شانۆییەک و هەندێ چالاکی هونەری قوتابخانەکان، بزاوتی هونەری پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی. ساڵی ١٩٦٢، شانۆییەک لە ڕەواندزدا، بەناوی (پیسکەی تەڕپیر)، لە نووسینی مۆلێر[٥٥] و دەرهێنانی (عومەر هەڵمەت)، کە ئەوکاتە مامۆستا بووە لە ڕەواندز، لە هۆڵی (قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کوڕان)دا نمایش کراوە. ئەوانە ڕۆلیان تێدا گێڕاوە: عومەر هەڵمەت (پیسکەی تەڕپیر)، سیروان سەید ئەحمەد (کچ)، هیوا سەید ئەحمەد(دڵدار)، عەبدولقادر دەروێش(باجی

ئایشێ)، فەرهاد محەمەد مستەفا(مچە)، محەمەد عەبدوڵڵا سلێمان، تۆفیق سلێمان، عەلی سەدیق محەمەد، حیکمەت عەبدوڵڵا حوسێن، بوون. هەر لە شەستەکاندا، شانۆیی (هەڵە) نمایش کراوە، لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (سەردار فەتاح) بوو. لەم شانۆییەدا، (جەمال ئەحمەد حارس) و (ئەنوەر قادر مەولوود)، ڕۆلیان گێڕاوە. ساڵی ١٩٦٩، شانۆییێکی دیکە، بەناوی (شوفێر)، کە دەقێکی کۆمێدی بووە، لەنووسینی (ئەمینی میرزا کەریم) و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا) و نواندنی (سەردار بێبەخت و ڕۆستەم قادر)، پێشکەش کراوە. ساڵی ١٩٧٠، لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی (١١ی ئادار)، چەندان شانۆییێکی دیکە لە ڕەواندزدا، پێشکەش کراون (بڕوانە: مستەفا، ٢٠١٣، ل٥٥،٥٨–٥٩).

لە نێوان ساڵانی (١٩٦٦–١٩٦٨)دا، بارێکی هێمن تر لە جاران، لە عێراقدا هاتە پێشەوە[٥٦]. هێرش و پەلاماری سوپای عێراق، بۆسەر کوردستان، کەمتر بووەوە. بەهۆی ئەمەوە، چەند مامۆستاییێکی هونەری، لە قوتابخانەکانی ڕەواندزدا، دەرکەوتن و توانیان چەند چالاکییێکی هونەری ئەنجام بدەن. بەتایبەتی، هونەری شێوەکاری، لەو مامۆستایانەش، وەک: فەرهاد شاکر مەجرووم، سەدیق محەمەدەمین برایم، زرار محەمەد مستەفا، ئەحمەد جەلال قەساب، سەردار فەتاح، سامی عەبدولقادر، سەردار محەمەد عەلی. ئەم مامۆستایانە، کەوتنە هاندان و پەروەردەکردنی قوتابیان لە ڕووی هونەرییەوە، بەتایبەت لە بواری نیگارکێشاندا، بە ڕەنگی زەیتی و ئاوی و کاری پۆستەرو خۆشنووسی و کۆڵینی تەختە و داڕشتنی قاڵبی گەچ و بۆرەگ و مۆمیاکردن. لە پێشانگای قوتابخانەکاندا، هەمیشە مەشق و ڕاهێنانیان لەگەڵ قوتابیاندا دەکرد، بەمەبەستی فێربوون و پەرەپێدانی ئەم لایەنە هونەرییە. هەر بەو هەوڵ و کۆششی ئەو مامۆستایانە، لە دوای ئەوەی قوتابخانەکانی ڕەواندز، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٦–١٩٦٨)دا، بەشداری پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکانیان کرد، توانیویانە پلەی

یەکەم بەدەست بهێنن. بەشێک لەو قوتابیانە، کە بەهرەی هونەرییان تێدابوو، لەو ساڵانەدا، توانیویانە ببنە هۆکاری سەرکەوتنی قوتابیان. دواتر هونەرمەندی بەتوانایان لە بواری شێوەکارییدا، لێدەرچوو، لەو هونەرمەندانەش وەک: ڕزگار فەقێ عەوڵا، سەلام نەورۆز، حەسەن ڕەمەزان، فەوزی جەودەت، وەلید حوسێن، ڕەمەزان عەلی (مستەفا، ٢٠١٣، ل٥٥، ٥٨).

هەر لە شەستەکاندا، ئەوەی زیاتر، کاریگەری بەسەر ڕەوشی هونەریی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لە ڕەواندزدا هەبوو، ڕادیۆکان بوون. بەتایبەت ڕادیۆ کوردییەکان. کەوا گۆرانی و ئاوازی کوردییان، لێوە پەخش دەکرا، هەروەها سرووده نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیش، کە بەتایبەت لە (ڕادیۆی دەنگی کوردستان)ەوە، پەخش دەکران، کاریگەریی لەسەر دانیشتوانی ڕەواندزدا، هەبوو (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد(٢٠١٤/١٠/٩). لە ساڵی ١٩٦٤ یشدا کەسێک لە ڕەواندز بەناوی (عەبدولعەزیز) کە وەستای چاکردنەوەی ڕادیۆ بووە، ئێزگەیەکی ڕادیۆ لە ڕەواندزدا، بە نهێنی دروست دەکات، کە لە ناو شارۆچکەکەدا، وەریگرتووە و ناوی ناوە(ڕادیۆی ئاشقان). زۆربەی کات گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک (١٩٢١-١٩٧٢)ی پەخش کردووە. دواتر ئاشکرا بووە و ڕادیۆکەیان پێ داخستووە. سەبارەت بە تەلەفزیۆنیش هەر لەشەستەکاندا، کەسێک بەناوی (سەعید چایەچی)، تەلەفزیۆنی هێناوەتە ڕەواندز، لە چایخانەکەی خۆی دایناوە، کە لەو کاتەدا زیاتر پەخشی تەلەفزیۆنی بەغدا، وەریگرتووە (مەجروم، ٢٠١١، ل٤٦).

سەبارەت بە جموجۆڵی هونەری، ئەگەرچی هەندێ کەس لە ڕەواندزییەکان، کە وەک ئارەزوومەندی بواری هونەری، دەرکەوتن. خەریکی مۆسیقا و گۆرانی و سروود بوون، وەک: (سەردار فەتاح و سامی عەبدولقادر)، بەڵام هیچ زەمینەیەک، بۆ ئەنجامدانی کاروچالاکی هونەری و هیچ تیپ و کۆمەڵەیەک تایبەت لەو بارەیەوە نەبوو، تەنها

هەواڵنامەی کتێب

هەولّەکان تاکەکەسی بوون (چاوپێکەوتن: زرار محەمەد(٢٠١٤/١٠/٩).
(زرار محەمەد مستەفا) دەڵێت: **لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە سەردانێکمدا بۆ شاری بەغدا، لە ڕێگەی خوالێخۆشبوو(جەلال ڕەشید)، سەردانی (فازڵ عەواد)[٥٧]م کرد و عودێکی کۆنم بە پازدە دینار کڕی، هەرچەندە هەوڵمدا شتێکی لێ فێربم، بەڵام کارەکە وا ئاسان نەبوو، بۆیە عودەکەم بە هەڵواسراوی لە ماڵەوە مایەوە.**

بوونی ئەم ئارەزوومەندانە، لە شەستەکاندا، شتێکی ئەوتۆی لە بواری مۆسیقادا لە شاری ڕەواندزدا، لێ پەیدا نەبوو. بەڵام بووە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی یەکەم تیپی مۆسیقا لە هەفتاکاندا لەم شارۆچکەیەدا (مستەفا، ٢٠١٣، ل٥٧–٥٨). کە ڕەواندزی لە بواری مۆسیقادا، گەیاندە ئاستی شارەکانی دیکەی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنجام

سەبارەت بەم توێژینەوەیە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون ئەمانەن:

١-ساڵی ١٩٢٣، لە دوای دەستبەکاربوونی سەید تەهای نەهری (١٩٢٣-١٩٢٨)، وەک قایمقام، لە تەک ڕێکخستنی ڕەوشی کارگێڕی، بزاوتێکی ڕۆشنبیرییش لە شارۆچکەکەدا، پەیدابوو. قوتابخانە کرایەوە، چاپخانە هاتە شارۆچکەکە، یەکەم گۆڤار لەسەر ئاستی لیوای هەولێردا، بەناوی (زاری کرمانجی)، لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی)یەوە، لە ڕەواندزدا دەرچوو. ئەمە وێڕای لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی دەیان کتێبی کوردی، هەروەها زەمینەیەکی لەبار بۆ کارو چالاکی هونەریش بەتایبەت لە بوارەکانی شانۆ و شێوەکارییدا، هاتنە پێشەوە.

٢- قوتابخانەکانی ڕەواندز، لەتەک ئەرکی پەروەردە و فێرکردندا، هۆکارێکی کاریگەری بەرەوپێشچوونی ڕەوشی ڕۆشنبیریی و هونەریی ڕەواندز بوون. لەتەک ئەوەی، ڕۆلیان لە دروستبوونی چینێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوار، لە شارۆچکەکەدا گێڕا، ناوەندێکیش بوون، بۆ ئەنجامدانی دەیان چالاکی ڕۆشنبیریی و هونەری. لە کاتێکدا، مامۆستایانیش، ڕۆلێکی گرنگییان لەو بارەیەوە گێڕاوە. کاریگەریی تەواویان لەسەر هاندان و ڕاهێنانی قوتابیان، لە بایەخدان بە بوارەکانی ڕۆشنبیریی، هەبووە.

٣- کارکردن لەتەک پارتە سیاسیە کوردییەکان، وەک حزبی هیوا و حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی سەر بەو پارتانە، هاندەرێکی دیکەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ڕەوشی ڕۆشنبیریی ڕەواندز و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی بوون لای ڕەواندزییەکان. وەک ئەو چالاکییانەی کە ئەم پارتانە، بە شێوەی نهێنی و بەشێوەی ئاشکرا ئەنجامیان دەدا. بەتایبەت لە ئاهەنگەکانی (یادکردنەوەی نەورۆز و

یـادی شـەهیدانی ١٩ی حـوزەیران و یـادی شۆڕشـی چـواردەی تـەممووزی ١٩٥٨)دا. کە ڕەوتـی چـالاکی هونـەرییان لـە ڕەوانـدزدا، بـەرەو پێشـەوە بـرد و سـیمایەکی تازەیـان بەخشـییە بزاڤەکـە و هاندەرێک بوون، تاوەکوو چالاکییەکان بەگوڕتر بکەن و ببنە خاڵی جیاکردنـەوەی دوو قۆنـاغ لـە بزاڤی هونـەریی شـارۆچکەکە. بەتایبـەت نمایشـی شـانۆیی، لـە پێشـەوەی ئـەو چالاکییانـە دابـوو، کـە لەتـەک ئاهەنگە هونەرییەکاندا، ئەنجام دەدران.

٤- لەتەک گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ناوخۆی ڕەواندز، گۆڤـار و ڕۆژنامـە و ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی شارۆچکەکەش، کاریگـەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیریی و هونـەریی ڕەواندزدا هـەبووە. ئەمـە لـە کاتێکـدا، ڕۆشـنبیرانی شـارۆچکەکە، لەتـەک خوێندنـەوە و بایەخپێدانیان، بەرهەمەکانیشـیان، لـە هـەندێکیاندا بڵاوکردۆتـەوە. لـەو گۆڤـارو ڕۆژنامانــەش وەک ڕۆژنامــەکانی: ژیــن، هــەولێر، خــەبات، ئازادی، برایـەتی، دەنگوبـاس. گۆڤارەکانی وەک گـەلاوێژ، دەنگی گێتـی تازە، هەتاو، هیوا و شەفەق.

٥- لـە مـاوەی شۆڕشـی ئەیلوولـدا (١٩٦١-١٩٧٠)، بـەهۆی کاریگـەریی بـارودۆخی شـۆڕش و شـەڕ و پێکـدادانی سـەختی نێـوان کـورد و سوپای عێراق، ڕەوشی ڕۆشنبیریی کوردستانی عێراق ڕووی لە کزی کرد. لە ڕەواندزیشدا، بە هـەمان شێوە، ئـەو جموجۆڵـەی کە لـە دوای شۆڕشی چواردەی تـەممووزەوە دروست ببوو، دوچـاری وەسـتان و کزی هاتەوە، لە ئەنجامی شۆڕشی ئەیلوولدا، چاودێری توندی ئـەمنی و دەسـتگیرکردن و بەنـدکردنی خـەڵکانی ڕۆشـنبیر و نەتەوەپـەروەری ڕەوانـدز، لەلایـەن دەزگـا سـەربازی و ئەمنییـەکانەوە، دەسـتی پێکـرد. بەمەش ژمارەیەک لەوانە، شارۆچکەکەیان جێهێشت و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. لە ئەنجامیشـدا، بزاڤی هونـەری دووچاری پاشەکشـە هاتەوە و پێشـکەوتنێکی ئەوتۆی بـە خۆیـەوە نـەبینی، بەتایبـەتی لـەناو شارۆچکەی ڕەواندزدا.

## پەراوێزەکان:

[١] بەهۆی گەڕانم، بەدوای ئەوەی، کە ناوی ڕەواندز لە چییەوە هاتووە؟ دەرکەوت، کە سەرچاوەکان، زیاتر جەخت لەسەر (ڕەوەند+دژ) واتە (قەڵای ڕەوەندان) دەکەنەوە. بڕوانە: (بدلیسی، ٢٠٠٣، ل٣٣٦-٣٣٧؛ مزوری، ٢٠٠٦، ب. ل١٥؛ هۆمەر، ٢٠٠٦، ل١١).

[٢] ئەگەرچی ڕەواندز، بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوویدا، پایتەختی میرنشینی سۆران نەبووە، بەڵام لە سەردەمی چڵەپۆپەی هێز و توانایدا، پایتەختی میرنشینەکە بووە. بەتایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەد پاشادا، دوایین پایتەختی میرنشینەکەش بووە، ڕۆڵێکی دیاری لە مێژووەکەیدا گێڕاوە. بڕوانە: (حوزنی، ٢٠٠٧، ل١١-٥٩).

[٣] مێجەر نوئێل، ئەفسەری بەریتانی، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمدا، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردییەکاندا دروست کردووە، زۆرجار بە لۆرانسی کورد ناو دەبرێت. (هۆمەر، ٢٠٠٦، ل٣٧پ).

[٤] نەورۆزە فەندی، نەوەی وەستا ڕەجەبە، کە تۆپەکانی سەردەمی میر محەمەد پاشای ڕەواندزی، دروستکردووە. ئێستاش بنەماڵەیەکی دیاری شارۆچکەکەن. (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٣٤-٣٩).

[٥] سێر ڕۆبەرت های، ئەفسەری بەریتانی، لە ساڵی ١٩١٨ دا، کراوەتە یاریدەدەری حاکمی سیاسی هەولێر، کە ئەو کاتە قەزایەک بوو سەر بە لیوای موسڵ. دوای ئەوەی ساڵی ١٩١٩، هەولێر کرایە (لیوا)، ئەویش کرایە حاکمی سیاسی لیواکە. (هەی، ٢٠١٠، ل٧-١٨).

[٦] ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی (١٨٩٧-١٩٣٣)، لە بەگزادەکانی گوندی (باپشتیان)ی نزیک ڕەواندزە. بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ بنەماڵەی پاشای گەورە. پاش ئەوەی بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق، ڕۆڵێکی دیاری لە داواکاریی مافە نەتەوەییەکانی کورددا، گێڕاوە. ساڵی ١٩٣٣، بەهۆی کێشەی تایبەتی ناو بنەماڵەکەیان،

بەدەستی نوری باویل ئاغا (١٨٩٢-١٩٦٣) و پیاوەکانی لەنزیک ڕەواندزدا، کوژراوە (هاملتن، ٢٠١٣، ل١٨٦-١٨٧؛ مزوری، ٢٠٠٦، ب. ل٣٠٤).

(٧) سەید تەهای نەهری (١٨٩٢-١٩٣٦)، نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە، دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لەگەڵ سمکۆی شکاک (١٨٩٥-١٩٣٠)دا، شۆڕشیان بە ڕووی حکومەتی ئێراندا ڕاگەیاندووە، پاش ئەوەی دەشکێن، (سەید تەها) لە کوردستانی عێراقدا، پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە دەکات، ئەوانیش دەیکەن بە قایمقامی ڕەواندز، تا ساڵی ١٩٢٨ بەردەوام دەبێت. (هۆمەر، ٢٠٠٦، ل٧٥پ).

(٨) کەریم بەگی ئەحمەدە فەندی، ئەویش خەڵکی ڕەواندز بووە. کوڕی خاڵی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزییە، بەر لە ڕەواندز، قایمقامی ڕانیە بووە. ساڵی ١٩٣٠یش بۆتە قایمقامی کۆیە (حوزنی، ٢٠٠٧، ل٨٠).

(٩) حوسێن سەید عەبدوڵڵەتیفی موکریانی (١٨٩٠-١٩٤٧)، لە شاری (مەهاباد)ی کوردستانی ئێران لە دایک بووە. ساڵی ١٩٢٦ گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە (ڕەواندز)دا، دەرکردووە. جگە لە بەرهەمی ڕۆژنامەوانی، چەند کتێبێکیشی لە بوارە جیاوازەکاندا، بەچاپ گەیاندووە. لە شاری(بەغدا) کۆچی دوایی کردووە. (موکریانی، ٢٠٠١، ل٢١-٢٢).

(١٠) فەوزی سائیب: خەڵکی سلێمانییە و لە بنەماڵەی سائیبەکانە. کوڕی (جەمیل سائیب)ی نووسەرە. بەرلەوەی لە ساڵی ١٩٥٤، ببێتە قایمقامی ڕەواندز، موتەسەریفی سلێمانی بووە. لەسەر هەڵوێستی نەتەوەپەروەری، پایەکەی بۆ قایمقام بچووککراوەتەوە. لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، کراوەتە جێگری موتەسەریفی بەغدا (خەیلانی، ٢٠١٤، ل٣١، ٩١).

(١١) ئیبن ئادەم، ناوی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای باڵەکییە. ساڵی (١٧٥٠) لە گوندی (ڕوست)، بناری چیای (حەسارۆست)ی ناوچەی باڵەکایەتی، لەدایک بووە. سەرەتا، لە سەردەستی باوکی و پاشان

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر دەستی زانا ناودارەکانی سەردەمی خۆی، خوێندوویەتی. نموونەی زانایەکی ناودار و لێهاتوو بووە. لەسەر ئاستی کوردستان ناسراو بووە. چەندان کەس، لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەوسەردەمە، قوتابی ئەو بوونە. وەک: (مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا محەمەدی خەتێ، مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و حاجی قادری کۆیی)، ساڵی ١٨٣٦ یان ١٨٤٤ لە گوندی (ویلزە)، کۆچی دوایی کردووە (اسماعیل، ١٩٧٧، ص٤٥٨-٤٦٨).

[١٢] مەلا محەمەدی خەتێ، ساڵی لەدایک بوونی زۆر ڕوون نیە، ساڵی مردنی، بە ساڵی ١٨٥٠ داندراوە. خەڵکی گوندی (خەتێ)ی ناوچەی خۆشناوەتییە. گوایە ڕۆلی هەبووە، لە کەوتنی میرنشیینی سۆراندا، بەلام، هەندێ سەرچاوە، ئەمە ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە، ئەمە بابەتێکی هەڵبەستراوە. (مزوری، أ. ١٩٩٨، ل١٦-٣٠).

[١٣] الزوراء: ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ژمارەی، لە ڕێکەوتی (١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٩)دا، لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوە. دەبێتە یەکەم ڕۆژنامە، لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی عێراق، کە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، دەرچووە. (ئەحمەد، ١٩٧٨، ل٣١).

[١٤] شیت مستەفا (١٩١٣-١٩٧٣): خەڵکی شاری هەولێرە، ساڵی ١٩٣٤ کۆلێژی مافی لە شاری بەغدا تەواوکردووە. ساڵی (١٩٣٥) بۆتە بەڕێوەبەریی بەرپرسی گۆڤاری ڕووناکی (١٩٣٥-١٩٣٦). ساڵی ١٩٤١ کراوەتە دادوەر، لە چەند شار و شارۆچکەکەیەکی جیاجیای کوردستاندا، کاری دادوەری کردووە (موکریانی، ٢٠٠١، ل٢٢).

[١٥] دەربارەی ئەم هەواڵە بڕوانە: ڕووناکی (گۆڤار)، ژ(٣)، تشرینی دووەمی١٩٣٥، ل١٤.

[١٦] لە ژمارە(٣)، تاکوو ژمارە(٦)ی گۆڤارەکە، لەسەر بەرگەکەی نووسراوە، (رواندز: لە چاپخانەی زاری کرمانجی چاپ کرا). بڕوانە: ڕووناکی (گۆڤار)، ژ(٣)، تشرینی دووەمی١٩٣٥؛ ژ(٤)، کانوونی یەکەمی١٩٣٥؛ ژ(٥)، کانوونی دووەمی١٩٣٦؛ ژ(٦)، شوباتی ١٩٣٦.

هەواڵنامەی کتێب

(١٧) حزبی هیوا: ساڵی ١٩٣٩، بە دەستپێشخەری کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد، دامەزراوە. وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێدەکات، سەرەتای دروستبوونی حزبەکە لە شاری هەولێر، دەستی پێکردووە. ئەندامە بەراییەکانی ئەمانەبوون: مستەفا عوزێری، یونس ڕەئوف دڵدار، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان باخچەچی، ڕۆستەم عەبدولجەبار. پاشان ئەمانە، پەیوەندیان بە (ڕەفیق حلمی)یەوە کردووە و کردوویانەتە سەرۆکی حزبەکە. لە دروشمەکانی ئەو حزبە، خەبات بووە لە دژی فاشیزم و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد. دواتر حزبەکە فراوان بووە. لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و لە شاری بەغدا ئەندام و لایەنگری هەبووە و چالاکیان نواندووە. تا ساڵی ١٩٤٣ بەردەوام بووە. پاشان بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی هەڵوەشاوەتەوە (حیدری، ٢٠٠٤، ی٣٤٦-٣٤٧؛ رسول، ٢٠٠٥، ص١٣٦-١٤٣).

(١٨) عەلی عەبدوڵلا عەبدولقادر (١٩٢٤-٢٠١٠)، ناسراو بە (عەلی مەکتەبە)، لە ڕەواندز لە دایک بووە. ساڵی ١٩٣٠ لە چاپخانەی (زاری کرمانجی)یدا کاری کردووە. لەسەرەتای پەنجاکاندا، پەیوەندی بە حزبی هیواوە کردووە. پاشان بە حزبی شیوعی عێراقییەوە کردووە. لە ڕەواندزدا، کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

(١٩) ئەمین ڕەواندزی: محەمەد ئەمین کوڕی مەلا حەسەن ڕەواندزی (١٨٩٨-١٩٥٥). لە ڕەواندز لە دایک بووە. لە مەکتەبی ڕوشدییەی ڕەواندزدا، خوێندوویەتی. پاشان چۆتە ئەستەنبۆڵ و لەوێ لە (کۆلێژی جەنگی-حەربی) وەرگیراوە. ساڵی ١٩٢٢، بۆتە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا. لە شاری (بەغدا) کۆچی دوایی کردووە و هەرلەوێشدا، نێژراوە (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل٤٤٧-٤٤٨).

(٢٠) ڕۆژنامەی (هەولێر): ڕۆژنامەیەکی زانستی و ئەدەبی هەفتەیی بووە. لەلایەن (کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر) دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (١٦/١٢/١٩٥٠)دا دەرچووە. دەستەی

هەواڵنامەی کتێب

بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە، پێکهاتبوون لە: جەمیل ڕەشید، حوسێن ڕەشوانی، عیزەددین فەیزی، ئەستێر سەعید و جەمال جەمیل. (١٤٠) ژمارەی لێ دەرچووە و تاکوو ڕێکەوتی (١٩٥٣/١٢/٢٨)، بەردەوام بووە (زامدار، ١٩٨٨، ل١٠-٢٠).

(٢١) هەتاو: گۆڤارێکی کوردی ئەدەبی بووە. (گیوی موکریانی) لە شاری هەولێردا، دەری کردووە. یەکەم ژمارەی، لە ڕێکەوتی (١٥ی مایسی ساڵی١٩٥٤)دا، دەرچووە. تاوەکوو (تشرینی دووەمی ساڵی١٩٦٠)، بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا، (١٨٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەش، لە چاپخانەی (کوردستان)، لە شاری هەولێردا چاپکراون. پارێزەران، ئیبراهیم عەزیز دزەیی و محەمەد شەهاب دەباغ، ناویان لە دەرکردنی گۆڤاری هەتاودا، هاتووە (ئەحمەد، ١٩٧٨، ل٢٤١).

(٢٢) هیوا: گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی بووە. مانگی جارێک لە شاری (بەغدا)، لەلایەن (یانەی سەرکەوتن)ەوە، دەردەچوو. بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤارەکە، حافز مستەفا قازی (١٩٢٩-٢٠١٠) بووە. دواتر دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی (١٩١١-٢٠٠٤)، بۆتە بەرپرسی گۆڤارەکە. (٣٨) ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە (یەک)ی لە (١ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٧)دا، دەرچووە. دوا ژمارەی لە ڕێکەوتی (٣٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣)دا بڵاوکراوەتەوە (حوسێن ،٢٠١٠، ل١١-٢٥).

(٢٣) وریا ئەمین ڕەواندزی: کوڕی کەسایەتی ناسراوی ڕەواندز، (ئەمین ڕەواندزی)یە. ڕۆڵێکی دیاری لە بزاڤی نەتەوەیی و پەروەردەیی ڕەواندزدا گێڕاوە. دواتر چووە بۆ ئەورووپا و لە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد)دا کاری کردووە و لەوێشدا، ڕۆڵێکی دیاری لە نێو ئەو ڕێکخراوەدا گێڕاوە (خەیلانی، ٢٠١٤، ل١٩٦).

(٢٤) جەلال سەعید خەیلانی، لە ڕەواندز لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٧ کۆلێژی شەریعەی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. پاشان چۆتە وڵاتی لوبنان، لەوێ پەیوەندی بە (کامەران بەدرخان)ەوە، کردووە. پاشان

هەواڵنامەی ... (watermark)

گەڕاوەتەوە شارۆچکەی ڕەواندز و خەریکی کاری مامۆستایەتی بووە. کەسێکی کوردپەروەر و ڕۆشنبیر بووە، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، کراوەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی ڕەواندز، ساڵی ١٩٦٥ کۆچی دوایی کردووە (خەیلانی، ٢٠١٤، ل١٧٤، ١٩٤).

(٢٥) عەقیلە ڕەواندزی، لە کتێبی (وەبیرم دێنۆ)دا، کە بە شێوەزاری ناوچەی ڕەواندزی نووسیوە. هەندێک لەو دەقە ئەدەبییە فۆلکلۆرییانەی تۆمارکردووە و هەندێ لە وشە و زاراوەکانییشی لەشێوەی فەرهەنگۆکێکدا، لێک داوەتەوە.

(٢٦) هەندێ سەرچاوە، ساڵی مردنی (نەزهەت)یان بە ساڵی١٩١٤ داناوە، پێیان وایە، لە شاری (ورمێ) لەلایەن ڕووسەکانەوە، لە سێدارە دراوە. بەڵام (مەمدوح مزوری)، لە کتێبی (بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندز)دا، ساڵی ١٩٢٩ی داناوە و هەندێ لەوانەی لەسەر (نەزهەت)یان نووسیوە، پشتگیری لە بۆچوونی یەکەم دەکەن. بڕوانە: (مزوری، ١٩٩٨، ل٢٣٩؛ بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٦٠).

(٢٧) نەشرییاتی کوردی و مەریوانی: پڕۆژەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بووە. لەلایەن دوو ڕۆشنبیری کورد، بە ناوەکانی مستەفا سائیب (١٩٠٤-١٩٨٠) و تاهیر بەهجەت مەریوانی (١٩٠٥-١٩٧١)، لە شاری بەغدا لە ساڵی ١٩٢٧دا دانراوە. ساڵی ١٩٣١، یەکەم بەرهەمیان چاپ و بڵاوکردۆتەوە. تا ساڵی ١٩٣٨ بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا، توانیویانە چەند کتێب و نامیلکەیەک بە زمانی کوردی چاپ بکەن. (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل٢٥٩-٢٦٢).

(٢٨) شاکر عەبدولعەزیز مەجروم (١٨٩٠-١٩٥٧)، لەشاری (سلێمانی) لەدایک بووە. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودی حەفیددا، (بەڕێوەبەری گشتی تەلەفۆن و تەلەگراف) بووە. کەسێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیر بووە. لەسەر ئەمە، چەندین جار فەرمانی دەستگیرکردن و دوورخستنەوە و تەنانەت لە سێدارەدانیشی بۆ دەرچووە. ماوەیەک لە

هەواڵنامەی کتێب

شاری بەغدا ژیاوە. لەوێ هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کورددا، پەیدا کردووە. ساڵی ١٩٣٧ لە ڕەواندزدا نیشتەجێ بووە و هەرلەوێشدا، کۆچی دوایی کردووە (بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦، ل٧٢-٧٣). شاکر مەجروم دەستی نووسینی شیعری هەبووە. ئەگەرچی زۆربەی دەستنووسەکانی فەوتاون. (جەمال نەبەز)، لە کتێبی (الامیر الکردی)دا، ئەم هەڵبەستەی بڵاوکردۆتەوە و نووسیویەتی پێدەچێت (شاکر مەجروم) داینابێ:

**ئەی ڕەواندز هێندە جوانی دیمەنت شادمان دەکا**

**ئاوی بێخاڵت سەرانسەر دەردی دڵ دەرمان دەکا**

(نەبەز، ٢٠٠٣، ص٥٨).

بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە، خاوەنی ئەم هەڵبەستەی، بە (لەتیف نادر ڕەواندزی) داناوە (گەرەوەیی، ٢٠٠٨، ل٣٧).

(٢٩) سامی عەبدولقادر ڕەواندزی (١٩٤١-٢٠١٧): لە ڕەواندز لەدایک بووە. دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێرە. هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە، وەک مامۆستا لە ڕەواندزدا دەستبەکاربووە. شاعیر و نووسەر بوو. لە بواری هونەریشدا، کاری کردووە. لە شاری هەولێردا، کۆچی دوایی کردووە.

(٣٠) فوئاد ڕەشید بەکر، یەکێکە لە پێشڕەوانی شانۆی کوردی، خەڵکی شاری سلێمانییە و (خانەی مامۆستایانی بەغدا)ی تەواو کردووە. کە گەڕاوەتەوە سلێمانی، لەتەک کاری مامۆستایەتییدا، دەستی بەکاری شانۆییش کردووە. ساڵی ١٩٢٦ شانۆی (عیلم و جەهل)ی لە شاری سلێمانییدا پێشکەش کردووە. (بەرزنجی،٢٠٠٧، ل١١-١٤).

(٣١) مونیر قەساب: برای هونەرمەند دانیال قەسابە. ساڵی ١٩٣٠ لە شاری هەولێر لە دایک بووە. لە ئەکادیمیای بەغدا دا خوێندوویەتی، بەڵام تەواوی نەکردووە و لەگەڵ خێزانەکەیدا چوونەتە وڵاتی ئیسرائیل، لەوێشدا، لەکاری هونەری بەردەوام بووە. (فەرهاد پیربال، ٢٠١٠، ل٩٨-٩٩).

هەواڵنامەی کتێب

(٣٢) بڕوانە: زاری کرمانجی (گۆڤار)، ژ(٧)، کانوونی دووەمی ١٩٢٧، ل٢٢-٢٣؛ ژ(٨)، شوباتی١٩٢٧، ل١٤-١٥؛ ژ(٩)، حوزەیرانی ١٩٢٧، ل١٦-١٧.

(٣٣) زرار محەمەد مستەفا: ڕۆشنبیر و هونەرمەندی ناسراوی کورد، ساڵی ١٩٣٧ لە (ڕەواندز) لە دایک بووە. ڕۆڵێکی کاریگەریی لە بوارەکانی ڕۆشنبیرییدا گێڕاوە. لەسەرەتای هەفتاکاندا، لەگەڵ چەند کەسێک، یەکەم (تیپی مۆسیقا)یان لە ڕەواندزدا، دامەزراندووە. ساڵی ١٩٧٧، بۆتە سەرۆکی لقی ڕەواندزی (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی). ساڵی ١٩٧٨، تیپی مۆسیقای پاشای گەورەی دامەزراندووە. ئێستا لە ڕەواندز نیشتەجێیە.

(٣٤) ڕادیۆی کوردی بەغدا: ئەم ڕادیۆیە، لە ڕێکەوتی (١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٩)دا، لە شاری بەغدا کراوەتەوە. کەوا لەسەر هەمان شەپۆلی ڕادیۆی بەغدای عەرەبییەکە کاری کردووە. لەسەرەتادا، تەنها (دەنگ وباس) و پاشان چەند گۆرانییەکی بڵاوکردۆتەوە. پاشان پەخشەکەی زیاتر کراوە (بابی لالۆ، ٢٠٠٤، ل٤١٩-٤٢٥).

(٣٥) باگ پیپس Bagpipes-: ئامێری فووداری سکۆتلەندی.

(٣٦) دەربارەی ناوەرۆکی هەردوو کۆنگرەکە و بەشداربووانی، بڕوانە: هەتاو (گۆڤار)، ژ(١٦٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، (تایبەت بە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان) و بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، ژ(٧)، سلێمانی، ١٩٦٠.

(٣٧) شوکریە محەمەد ئەمین ڕەواندزی، ناسراو بە (شوکریە محەمەد دیوانە) یان (دایکی ئامێز)، ساڵی ١٩٣٧ لە ڕەواندز لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕەواندزدا، تەواو کردووە. ساڵی ١٩٥٦، (خانەی مامۆستایانی بەغدا)ی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە ڕەواندز و بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە. ڕۆڵێکی دیاری لە

هەولێر کتێب

بواری پەروەردە لە ڕەواندز و شاری هەولێردا گێڕاوە و ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین کراوە. ئێستا لە شاری هەولێر دەژی.

(٣٨) محەمەد مەنگوڕی: ساڵی ١٩٣٩ لەدایک بووە. هەر لە ساڵی ١٩٥٨ ەوە، هاتۆتە ناوبواری نوسین و ئەدەبیات. ساڵی ١٩٦٣، (خانەی مامۆستایانی هەولێر)ی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٤، بۆتە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد. بڕوانە: (ئینسیکلۆپیدیای هەولێر-،ب٨، ٢٠٠٩، ل٣٤٩٢).

(٣٩) ڕۆژنامەی خەبات، لە ژمارە (١٤)یدا، ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەم یادکردنەوەیە بڵاوکردۆتەوە. بڕوانە: خەبات (ڕۆژنامە)، ژ(١٤) ، ٦ی تەمووزی ١٩٥٩، ل٣.

(٤٠) دەربارەی بەرهەمی بڵاوکراوەی ئەم نووسەرانە، لە گۆڤاری هەتاودا، بڕوانە: هەتاو(گۆڤار)، ژ(١٣١)، ٢٠ی مایسی١٩٥٨، ل٣ک ژ(١٦٥)، ١٥ی تشرینی دووەمی١٩٥٩، ل١٣، ژ(١٣٢)، ٣١ی مایسی١٩٥٩، ل١٦.

(٤١) پێشکەوتن: گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی بووە. لە شاری بەغدا، بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو. محەمەد بریفکانی خاوەن ئیمتیازی بووە. ژمارە (یەک)ی لە شوباتی ساڵی ١٩٥٨دا، دەرچووە. (خەزنەدار، ١٩٧٣، ل٦٦).

(٤٢) شەفەق: لەشاری کەرکووکدا، دەردەچوو. پاشان گوێزرایەوە بۆ شاری سلێمانی و ناوی بووە بە (بەیان)، بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو، سەرەتا، عەبدولقادر بەرزنجی و پاشان گۆرانی شاعیر (١٩٠٤-١٩٦٢)، سەرپەرشتیان کردووە. ژمارە (یەک)ی لە ڕێکەوتی (١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨)دا دەرچووە. ساڵی ١٩٦٣ داخراوە. (ئەحمەد، ١٩٧٨، ل٢٤٢).

(٤٣) ڕۆژی نوێ: گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بووە. جەمال شاڵی و کامەران موکری، بەڕێوەیان بردووە. ژمارە (یەک)ی لە

هەواڵنامەی کتێب

مانگی ئاداری ١٩٦٠ دا، دەرچووە. (١٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. (خەزنەدار، ١٩٧٣، ل٦٦).

(٤٤) ڕۆژنامەی خەبات: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بووە. ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئیبراهیم ئەحمەد، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە. ژمارە (یەک)ی، لە ڕێکەوتی (٤ی نیسانی ساڵی ١٩٥٩)دا، دەرچووە. (٤٦٢)ی ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. تا ئاداری ساڵی ١٩٦١، بەردەوام بووە. (جباري، ١٩٧٥، ص٥٦).

(٤٥) ئازادی: ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بووە. نافیع یونس سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی بووە. زمانحاڵی حزبی شیوعی عێراقی بووە. ژمارە (یەک)ی لە یەکی مایسی ساڵی ١٩٥٩دا، لە شاری (کەرکووک)دا دەرچووە. دوا ژمارەی، کە ژمارە (٥٦)ە، لە ڕێکەوتی (٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠)دا دەرچووە. (جباري، ١٩٧٥، ص٥٦).

(٤٦) یانەی فەرمانبەرانی ڕەواندز: مێژووی دامەزراندنی ئەم یانەیە، بۆ ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦)، دەگەڕێتەوە. (زرار مستەفا) لەو بارەیەوە دەڵێ: **لەوەتەی بەبیرم دێ، ئەم یانەیە لە ڕەواندزدا هەبووە.** بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣دا، بینای تایبەتی بۆ دروستکراوە. ڕۆڵێکی گرنگی لە کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی ڕەواندزدا، گێڕاوە. دواتر شوێنەکەی کراوە، بە بارەگای کۆمەڵە و هونەر و وێژەی کوردی (مەجروم، ٢٠١١، ل٣٥؛ چاوپێکەوتن: زرار محەمەد ٢٠١٤/١٠/٩).

(٤٧) فوئاد و حەسیب، برای هونەرمەندی شێوەکار جەواد ڕەسوول ناجین. خەڵکی کۆیەن. ڕۆڵێکی کاریگەرییان، لە بزاڤی هونەری هەولێر و ڕەواندزدا گێڕاوە. فوئاد ڕەسوول ناجی، لۆگۆی (پێشانگای پیشەسازی و کشتوکاڵی) ساڵی ١٩٥٨ی هەولێری دروست کردووە. (شاکر، ١٩٩٨، ل١٥٩).

(٤٨) دەربارەی ئەم ڕووداوە بڕوانە: (بطاطو، ١٩٩٩، ص٢٨٩-٣١٦).

هەواڵنامەی کتێب

(٤٩) بڕوانــە: ڕێکەوتننامەکــە و ئەو خــاڵانەی کە لە ڕێککەتننــامەکەدا هاتوون. لە: الاخبار (جريدة)، بغداد، ع(٨٥)، ٣٠تموز١٩٦٦.

(٥٠) **ڕادیۆی دەنگی کوردستان:** وەک یەکێک لە هەنگاوەکانی شۆڕشی ئەیلوول، لــە ڕێکــەوتی (٢٨ی ئــابی ســاڵی ١٩٦٣)دا، لــە (ئەشــکەوتی گردەڕەشە)ی نزیک (ماوەت)، لە پارێزگای سلێمانییدا، یەکەم پەخشی بڵاوبکرێتەوە. گەلێ بەرنامەی لە بوارەکانی ڕۆشنبیریی لێوە پێشکەش دەکرا. بەمەش توانیبووی کاریگەریی بەسەر لایەنی هزری و زمان و هونەر و ڕۆشنبیریی گشتی کوردی، لەو سەردەمەدا جێبهێڵێت. ئەم ڕادیۆیە، وێڕای ئەوەی بە گەلێک سەختی و ناهەموارییدا، گوزەری کردووە. بەڵام تا دوایین ساتەکانی شۆڕش بەردەوام بووە. بڕوانە: (ساڵح، ٢٠٠٧، ل٩٦-١٠٤، ٢٥٦-٢٧٠).

(٥١) **ڕادیـۆی کرماشـان:** ئـەم ڕادیۆیـە، لە سـاڵی ١٩٥٨دا، دامـەزراوە. سـاڵی ١٩٦٢، کارمەندانی بەشی کوردی (ڕادیـۆی تاران)یش بۆ ئەو ڕادیۆیـە گواسـتراونەتەوە. سـەرەتا مـاوەی پەخشـی ڕادیۆکـە، نیـو کـاتژمێر بـووە، پاشـان بـووە بـە (٥) کـاتژمێر و بـە شـێوەزارەکانی کرمــانجی ســەروو و خــواروو و کرماشــانی، پەخشــی خــۆی بڵاوکردۆتەوە. ئەم ڕادیۆیە، بایەخی تایبەتی بە لایەنەکانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری داوە (ڕدێنی، ٢٠٠٥، ل١٩).

هەواڵنامەی کتێب

(٥٢) التــأخي-برايــی: ڕۆژنامەیــەکی سیاســی بــووە. ژمــارە (یــەک)ی ڕۆژنامەکـە لـە ڕێکەوتـی (٢٩ی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٧)دا، لـە شـاری (بەغـدا) دەرچـووە. تـاوەکوو ڕێکـەوتی (١٩٦٨/١١/٩)، (٤٢٩) ژمـارەی لێدەرچووە. بڕوانە: (زەنگەنە و ئەحمەد، ٢٠٠٣، ل١٦٢-١٦٥).

(٥٣) الاخبـار-دەنگوبـاس: ڕۆژنامەیـەکی دەنگوباسـی ڕۆژانـە بـووە. بـە زمانەکانی کوردی و عـەرەبی لـە شـاری بەغدا دەردەچوو. خـاوەن و سەرۆک نووسەرانی (محەمەد بریفکانی) بوو. ژمارە (یەک)ی لە(١ی کــانوونی دووەمــی ســاڵی١٩٦٦)دا دەرچــووە. ژمــارە (٤٠٩)ی لــە

ڕێکەوتی (١٧تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧)دا، بڵاوکراوەتەوە. (زەنگەنە و ئەحمەد، ٢٠٠٣، ل١٥٩-١٦٠).

(٥٤) ژمارەکانی بڵاوکراوەی (ئاگر)، بەشێوەی مانگانە دەردەچوون، بە (ڕۆنیۆ) چاپ دەکران، بە شێوەی نهێنی، بڵاو کراوەتەوە (دیبەگەیی، ٢٠٠٧، ل٦).

(٥٥) جۆن پاتێست مۆکلان (١٦٠٢-١٦٧٣)، ناسراو بە (مۆلێر) شانۆنووس و شاعیری ئەڵمانی، بە شانۆ کۆمیدییەکانی ناسراوە.

(٥٦) لە ڕێکەوتی (١٣/٤/١٩٦٦)دا، ڕووداوێک هاتە پێشەوە. ئەویش مردنی (عەبدولسەلام عارف)ی سەرکۆماری عێراق بوو، بە ڕووداوی (ئاگرکەوتنەوەی فڕۆکە). لە هەمان ساڵدا، برایەکەی واتە (عەبدولڕەحمان عارف) شوێنی گرتەوە و بووە سەرکۆماری عێراق. لە دوای ئەم ڕووداوە، جارێکی دیکە وتوویژ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، دەستی پێکردەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، وەفدی شۆڕشی کورد چوونە شاری بەغدا و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق کەوتنە کۆبوونەوە و دانوستان (محمد، ٢٠٠٦، ص٢٥٢).

(٥٧) فازڵ عەواد: دەنگبێژی ناسراوی عێراقی، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری بەغدا لە دایک بووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبی عەرەبی، جگە لەوەی دەنگخۆشە، ئامێری عودیش دەژەنێت و ئێستا مامۆستای زانکۆیە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم/ بەڵگەنامە بڵاونەکراوکان:


١- الجمهورية العراقية، متصرفية لواء اربيل، قائمقامية قضاء راوندوز، سري للغاية، م/منتسبي حزب البارتي، ع: ٤/٢٥٢٧س، ١٠-٦-١٩٦٣.

٢- مديرية التربية والتعليم اللواء اربيل، الذاتية، امر اداري، م/سحب يد معلمين، ع:٨٩٠١، ٢٣-٦-١٩٦٣.

٣- مديرية التربية والتعليم اللواء اربيل، الذاتية، امر اداري، م/ فك يد مدرس ومعلم واعادتهما الى الوظيفة، ع:١٤٥٩٨، ٣-١٠-١٩٦٣.

٤- الجمهورية العراقية، معاونية امن اربيل، القلم السري، م/معلومات، ر:٥٦٦٣، ٧-١٠-١٩٦٣.

٥- مديرية التربية والتعليم للواء اربيل، الذاتية، امر اداري، م/تنسيب المدرس، ع:٦٤٩، ٩-١-١٩٦٤.


### دووەم/ بڵاوکراوە حکومی و ڕێکخراوەییەکان:

#### أ-بڵاوکراوە حکومییەکان:


١-المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان السنوي ١٩٤٧، ج٢، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٤.

٢-الحكومةالعراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، الدليل العام لتسجيل النفوس العام السنوي ١٩٥٧، بغداد، ١٩٥٧.

٣- العراق، وزارةالمعارف، التقرير السنوي عن سير المعارف السنوي١٩٥٠-١٩٥١، مطبعةدارالحديث، بغداد، .١٩٥٢

٤- الحكومةالعراقية، وزارةالمعارف، التقرير السنوي عن سير المعارف السنوي١٩٥٥-١٩٥٦، مطبعةالزهراء، بغداد، .١٩٥٧

٥- الجمهوريةالعراقية، وزارةالمعارف، الآحصاءالتربوي- التقريرالسنوي ١٩٦٠-١٩٦١، مطبعةالعاني، بغداد، د.ت.

٦- الجمهوريةالعراقية، وزارةالتربية، التقريرالسنوي- الآحصاء التربوي ١٩٦١-١٩٦٢، مطبعةالعاني، بغداد، د.ت.

٧- الجمهوريةالعراقية، وزارةالتربية، الآحصاءالتربوي- التقريرالسنوي ١٩٦٢-١٩٦٣، مطبعةدار الجمهورية، بغداد، د.ت.

٨- الجمهوريةالعراقية، وزارةالتربية، الآحصاءالتربوي- التقريرالسنوي ١٩٦٥-١٩٦٦، مطبعةالحكومةبغداد، .١٩٦٩

٩- الجمهوريةالعراقية، وزارةالتربية، الآحصاءالتربوي- التقريرالسنوي ١٩٦٧-١٩٦٨، مطبعةالعراق، بغداد، .١٩٧١
١٠- الجمهوريةالعراقيــة، وزارةالتربيــة، الآحصـــاءالتربوي- التقريرالســنوي ١٩٦٨-١٩٦٩، مطبعةالعراق، بغداد، ١٩٧١.

## ب-بڵاوکراوە ڕێکخراوەییەکان:

١١-بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، ژ:٧، سلێمانی، ١٩٦٠.

## سێیەم/گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

### أ-گۆڤارەکان:

١-زاری کرمانجی (گۆڤار)، ژ(٤)، ١٢ی زیلقیعدەی ١٣٤٥؛ ژ(٧)، کانوونی دووەمی ١٩٢٧؛ ژ(٨)، شوباتی١٩٢٧؛ ژ(٩)، حوزەیرانی .١٩٢٧
٢- ڕووناکی (گۆڤار)، ژ(٣)، تشرینی دووەمی١٩٣٥؛ ژ(٤)، کانوونی یەکەمی١٩٣٥؛ ژ(٥)، کانوونی دووەمی١٩٣٦؛ ژ(٦)، شوباتی ١٩٣٦.
٣-هەتاو (گۆڤار): ژ(١٦٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٥٩؛ ژ(١٤١)، تشرینی یەکەمی١٩٥٨؛ ژ(١٦٤)، ٣١ی تشرینی یەکەمی١٩٥٩؛ ژ(١٦٢)، ١٥ی ئەیلولی١٩٥٩؛ ژ(١٣١)، ٢٠ی مایسی١٩٥٨؛ ژ(١٣٢)، ٣١ی مایسی١٩

### ب-ڕۆژنامەکان:

٣- خەبات(ڕۆژنامە)، ژ(١٤)، ٦ی تەمموزی ١٩٥٩.
٤- الاخبار-دەنگوباس (جريدە): ع(٨٥)، ٣٠تموز١٩٦٦.

## پێنجەم/کتێب:

### أ-بە زمانی کوردی:

١- ا.م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، و: عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری (دکتۆر)، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، .٢٠١٣
٢- ئەحمەد، کەمال مەزهەر (دکتۆر)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
٣-(بابی لالۆ)، کەمال ڕەئوف محەمەد، دەستەوارەیێ نان بۆ مێژوو، چ١، وەزارەتی ڕەوشی-بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٤.

هەولێرلەکەمی کتێب

٤- بەرزنجی، یاسین قادر، شانۆی کوردی (ئەرشیف و تێکست نمایش و بینەر)، چ٢، شانۆی سالار، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥- بدلیسی، میر شەرەفخانی، شەرەفنامە (مێژووی ماڵە میرانی کوردستان)، و:مامۆستا هەژار، چ٣، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
٦- بێخاڵی، مەولود و جامباز، تارق، ڕەواندز شاراکەی پاشای گەورە،چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٧- پیربال، فەرهاد، مێژووی شانۆ (لە ئەدەبیاتی کوردییدا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ)، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
٨- پیربال، فەرهاد، پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٩- جامباز، تاریق، شێخ کاکە ئەمینی سەران ١٨٧٤-١٩٤٠، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٠- جامباز، تاریق، پەخشنامەی هەولێر ١٩٦١-١٩٦٣، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٩.
١١- خەزنەدار، جەمال، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی (دار الحریة)، بغداد، ١٩٧٣.
١٢- خەیلانی، نزار، ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەرییەکانی هەڵدەداتەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤.
١٣- دایکی ئامێز، شوکریە ئەحمەد حەمەد ئەمین ڕەواندزی، بیرەوەرییەکانی ژنێک، چاپخانەی بینایی، هەولێر، .٢٠١٤
١٤- دەباغ، فەیسەڵ، کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا، چ١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٥- ڕواندزی، عەقیلە، وەبیرم دێنۆ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
١٦- زامدار، مەحمود، ڕۆژنامەی هەولێر ١٩٥٠-١٩٥٣حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، هەولێر، ١٩٨٨.
١٧- سالّح، ئازاد عوبێد، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لە سەر ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕەوشی، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٨- کاکەسوور، محەمەد عەبدوڵلا (دکتۆر)، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا (١٩٢١-١٩٥٣)، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٩- گەرەوەیی، فەتحوڵا ئەحمەد، شاری رەواندز دۆڵی ئاکۆو گەرەوان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٠- مزوری، ممدوح، بنەماڵانی بەناوبانگی ڕواندز، چاپخانەی ڕەوشی، هەولێر، ١٩٩٨.

٢١- مزوری، ممدوح، مێژووی رواندز، چ١، چاپخانەی مناره، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٢- مستەفا، زار محەمەد، هونەر لە ڕواندزێ، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣.

٢٣- موکریانی، کوردستان (دکتۆر)، ڕووناکی ١٩٣٥/١٠/٢٤-١٩٣٦/٥/١٦ یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٢٤- موکریانی، کوردستان، زاری کرمانجی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٥- موکریانی، حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب٢، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٦- مەجروم، ئومێد شێرکۆ شاکر، رواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا، چ١، سەنتەری نما، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١١.

٢٧- مەلا حەسەن، شادمان، گۆڤاری زاری کرمانجی یەکەم گۆڤاری کوردی لە کوردستاندا رواندز ١٩٢٦-١٩٣٢، سەنتەری نما، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، .٢٠١١

٢٨- نەجار، هۆشەنگ ساڵح، بزاڤی ڕەوشیی لە شاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥)دا- توێژینەوەیەکی مێژووییە، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.

٢٩- هۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی (١٩١٨-١٩٣٩)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٠- هەی، دبلیۆ ئار، دوو ساڵ لەکوردستان گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا، و: لوقمان باپیر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٠.

## ب- بە زمانی عەرەبی:

٣١- بطاطو، حنا، العراق-الشيوعيون والبعثيون والضباط الآحرار، ت: عفيف الرزاز، مؤسسة الآبحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩.

٣٢- جباري، جرەوشی، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعةالآمة، بغداد، ١٩٧٥.

٣٣- جماعة من شباب اربيل، اربيل في اربعة اعوام (١٩٦٤-١٩٦٧)، مطبعة دار الجمهورية، بغداد، ١٩٦٨.

٣٤- الحيدري، صالح، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، ط٢، مطبعة(رنج)، سليمانية، ٢٠٠٤.

هەواڵنامەی ژین

٣٥- رسول، اسماعيل شكر(الدكتور)، اربيل- دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي١٩٣٩-١٩٥٨، ط٢، مطبعة بينايي، سليمانية، .٢٠٠٥

٣٦- الزبيدي، ليث عبدالحسن، ثورة١٤تموز في العراق، منشورات مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨١.

٣٧- محمد، شيرزاد زكريا، الحركة القومية الكردية في كردستان العراق-٨شباط ١٩٦٣-١٧تموز١٩٦٨، دار سبيريز للطباعة والنشر-دهوك، مطبعة وزارةالتربية اربيل، دهوك، ٢٠٠٦.

٣٨- نبز، جمال، الامير الكردي-مير محمد الرواندزي، ت: فخري سيلاحشور، ط٢، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٣.

## شەشەم/ وتارو لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی:

١-ئاسۆی پەروەردەیی، مامۆستا ئەحمەد حەوێز ئەحمەد مەلا(چاوپێکەوتن)، ئاسۆی پەروەردەیی (گۆڤار)، ژ(٩)، تەممووزی ٢٠٠١.

٢- ئەحمەد باس، چەتۆ، ڕواندز دوێنێ و ئەمڕۆ، رواندز (گۆڤار)، ژ(١)، ١٩٩٨/٤/٢٠.

٣- باوکی هێلین، چاوپێکەوتن (عەلی مەکتەبە، سەبری ئەفەندی، عەزیزشاکر)، رواندز (گۆڤار)، ژ(١)، ١٩٩٨/٤/٢٠.

٤- تاهیر، یەحیا، محەمەد ئیسماعیل (چاوپێکەوتن)، پەیامی ئەیلوول (گۆڤار)، هەولێر، ژ(١١)، ئاب و ئەیلوولی٢٠٠٩.

٤- دیبەگەیی، نافیع، غەریب پشدەری (چاوپێکەوتن)، هەولێر (هەفتەنامە)، ژ(٢٠) ، ٢٠٠٧/٤/١٢.

٥- زریان، ناودارانی ڕواندز (شاکر مجروم)، رواندز (گۆڤار)، ژ(١)، ١٩٩٨/٤/٢٠.

٦- شاکر، سلێمان، هەولێرو هونەری شێوەکاری، ڕامان (گۆڤار)، ژ(٢٩)، تەشرینی دووەم١٩٩٨.

٧- ع. ز و ئەحمەد، ڕەفیق ساڵح ، ڕابەری ڕۆژنامە نووسی کوردی، ب١، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژ(١١-١٢)، ٢٠٠٣.

٨- قەرەنی، ئەحمەد، ئەنوەر عەلی عەبدولڕەزاق (چاوپێکەوتن)، ئاسۆی پەروەردەیی (گۆڤار): ژ(٣١)، ئایاری٢٠٠٣.

٩- محمد، موحسین، مێژووی شانۆی کوردی (١٩٥٠-١٩٥٩)، ڕامان ( گۆڤار)، ژ(٢٢)، نیسانی١٩٩٨.

١٠- موکریانی، گیوی، مێژووی دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، هەتاو (گۆڤار)، ژ(١٦٩)، کانوونی دووەم١٩٦٠.

**حەوتەم/ چاوپێکەوتن:**

١- زرار محەمەد مستەفا (٢٠١٤/١٠/٩)- لە ڕەواندز.

٢- سامی عەبدولقادر ڕەواندزی (٢٠١٤/١٠/١٤)- لە شاری هەولێر.

٣-شوکریە ئەحمەد حەمەد ئەمین ڕەواندزی (٢٠١٥/٣/٨) - لە شاری هەولێر.

**هەشتەم/ئینسیکلۆپیدیا:**

• ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١ (جوگرافیا)، چ١، دەزگای بەدرخان، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.

- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل (دکتۆر)، پێکهاتەی ئیداری پارێزگای هەولێر.

• ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب٨ (ئەدەب).

- شارەزا آ، کەریم ، نەزهەت.

• ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١٠ (کەسایەتی ناودارەکان).

- شارەزا ب، کەریم، ئیبن ئادەم.

**نۆیەم/ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت:**

١- یاسین برایم، ڕۆلی پاشای گەورە لە گرنگیدان بە زانست و کتێبخانە:لە
http://www.zagrostv.com/default1.aspx?page=article&id=22192


٢- بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی ڕەواندز، مێژووی کتێبخانەی ڕەواندز:
http://www.zarikrmanji.com/Archive/2011-09-06-10-42-53/513-2011-09-16-18-23-07.html

هەولێرانی کتێب

## پاشکۆ


## بەڵگەنامەکان

### ژمارە ١



نووسراوی قایمقامیەتی قەزای ڕەواندز، بۆ موتەسەریفیەی هەولێر، سەبارەت بە (دەستگیرکردنی ئەندام و لایەنگرانی پارتی)لە ڕەواندزدا (١٩٦٣/٦/١٧).

### ژمارە ٢



فەرمانی کارگێڕیی (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر)، سەبارەت بە (لەکاردەرکردنی چەند مامۆستاییێکی ڕەواندز بە تۆمەتی سیاسی) لە (١٩٦٣/٦/٢٣)دا.


**ژمارە ٣**


الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
متصرفية لواء اربيل
(مديرية التحرير) السر
الرقم ٢٨/
التاريخ /١٠/٩٦٣
ختم الواردة
٩٨٧
الى / مديرية التربية والتعليم للواء اربيل
الموضوع/ اعادة معلمين
الحاقاً بكتابنا س/ ٣٦٩١ و٣٦٩٦ في ١٣/٩/٩٦٣
وافق الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية بكتابيه ٦٠٧٣ و٦٠٧٦ في ٢٣/٩/٩٦٣ على اعادة المعلم لشكري بابه والمدرس خالد احمد الى وظيفتهما السابقة نرجو اجراء اللازم
بدر الدين علي
متصرف لواء اربيل
صورة منه الى/ قائمقامية قضاء رواندوز ) كتابنا اعلاه للعلم رجاء
معاونية امن اربيل )
الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية / كتابكم اعلاه للتفضل بالعلم

فەرمانی کارگێڕیی (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر)، سەبارەت بە (گێڕانەوەی مامۆستا لەکاردەرکراوەکانی ڕەواندز) لە ڕێکەوتی (١٩٦٣/١٠/٣) دا.

هەواڵنامەی کتێب

**ژمارە ٤**


مديرية التربية والتعليم للواء اربيل
الذاتية
العدد
التاريخ / /١٩٦٤
بسم الله الرحمن الرحيم
- امر اداري -
الموضوع/ تنسيب مدرس
صورة الى
رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية الحسابات العامة
مديرية التعليم العامة / الثانوي
مديرية الادارة العامة

فەرمانی کارگێڕیی (گواستنەوەی مامۆستایانی ڕەواندز بۆ شاری هەولێر بە تۆمەتی سیاسی)


ئەرشیفی مامۆستا خالید عومەر خەیلانی ڕەواندزی (١٩٣٦-٢٠١٧)

# وێنەکان



کۆمەڵێک لە گەنجان و ڕۆشنبیرانی ڕەواندز، لەگەڵ حوسێن حوزنی موکریانییدا.


هەواڵنامەی کتێب



وێنەی بەرگی گۆڤاری (زاری کرمانجی) و کتێبی (وێنەگەری و کۆڵین)



**سەید تەهای نەهری**
**سمایل بەگی ڕەواندزی**
**سالانی بیستەکان-ڕەواندز**



**شاکر مەجروم**

هەواڵنامەی کتێب



**وێنەیەکی کۆنی ڕەواندز لە ئاسمانەوە**

**سەرچاوەی وێنەکان: ئینتەرنێت**